٤٩



## تەوەری ژمارە

# پێگە و ڕۆڵی ژنان لە ڕاسانی نوێی خۆرهەڵات

٤٩

تیشک گۆڤارێکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەری دەکا

ژمارە ٤٩
سەرماوەزی ٢٧١٨
دێسامبری ٢٠١٨

گۆڤاری تیشک لە سەر ئینترنت:

www.kurdistanmedia.com\sorani\tishk
www.facebook.com/GovariTishk
govaritishk@pdki.org

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە
بە ناوی گۆڤاری تیشک بڵاو دەبنەوە

# ٤٩



١ ئاسۆ ساعدی



٢ مریەم عەلی پوور



٣ ناهید حەسینی



٤ ڕووناك فەتحی



٥ ئاسۆ منبەری



٦ گوڵباخ بەهرامی



٧ کەژاڵ محەممەدی

دیزاین : نسار

گرافیك: سرێوان ئەحمەدی

هیوا مەنسووری



# پێگەی ژن لە ڕاسانی خۆرهەڵات

١

ئاسۆ ساعدی



ڕادەی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك، بەستراوەتەوە بە ڕادەی بەشداریی ژنانی ئەو کۆمەڵگایە (شەهیدی ڕێبەر د. عەبدولڕەحمان قاسملوو) پێگەی ژن لە هەر کۆمەڵگایەدا نیشانەی شوناس و تایبەتمەندی ئاکار و ڕەوشتی ئەو کۆمەڵگایەیە و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە کۆمەڵگا تا چ ڕادەیەك پێشکەوتوو یان پاشکەوتوە. کاتێك لاپەڕەکانی مێژووی گەلان بە گشتی و مێژووی کورد بەتایبەتی هەڵدەدەینەوە پڕاوپڕن لە باسی قارەمانەتی و نەبەردی پاشا، میر و سەرداران و شەڕ و شۆڕشی هێز و دەوڵەتان، بەڵام بەداخەوە لە باری پێگە و ڕۆڵی ژنان بە گشتی و ژنی کورد بەتایبەتی، هەژارترین لاپەڕەکانی مێژوو لە خۆوە دەگرن. هەر بۆیە ناتوانین بەو جۆرەی کە هەبووە باس لە ئازایەتی و شوێندانەری ژنانی کورد لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا بکەین. بەداخەوە ناو و جێی پەنجەی ئەو ژنانە لە لاپەڕەکانی مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورددا ونە و تۆمار نەکراوە، ئەوانەش کە هەیە مێژوونووسانی بیانی لەسەریان نووسیویانە، بۆیە مەجبورین پەنابەرینە بەر مێژووی ئەم چەند سەدەی دوایی و ئاماژە بە ناوی چەند ژنێك بکەین کە لە مێژووی گەلەکەماندا باسیان لێوەکراوە و سەرەڕای بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان شان بە شانی پیاوی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان خەباتیان کردوە، ژنانێك کە لە هۆز و عەشیرە ناودارەکاندا لە دایك بوون بەو جۆرەی کە مێژوو بۆی تومار کردووین. ژنانێك وەکوو: قەرە فاتم کە لە ساڵی ١٨٧٧دا لە شەڕی نێوان ڕووسیە و عوسمانییەکاندا سەرکردایەتی ٥٠٠ سواری کوردی کردوە لە ناوچەکانی قارس و ئەرزەڕۆم، قەدەمخێری فەیلی، خانزادخان کچێك لە میرنشینی سۆران، حەپسەخانی نەقیب و عادیلە خان و هەروەها لەم ساڵانەی دواییشدا کچانێك هەبوونە کە ئازایانە چەکی شەرەف و کەرامەتیان بۆ بەرگیری لە مان و مەوجودییەتی گەلەکەمان لە شان کردوە و لەو پێناوەشدا شەهید بوون، شەهیدان: تبریز (چنوور) ڕەحمانی، ئێحترام منبەری و عەزیمە و ... یان ژنانێك کە تەواو ژیانی خۆیان لە پێناو خزمەت بە گەلەکەماندا تەرخان کردوە و لەو بوارەدا لە هیچ گیانفیداییەك خۆیان نەبواردووە و بە ڕاگەیاندنی «ڕاسان»ی خۆرهەڵات و دەستپێکی قوناغێکی نوێ لە خەباتەکەمان ڕێژەی بەشداریی ژنان و کچان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەکات، و پرسی نەتەوەیی و هەروەها یەکسانیخوازی لای ژنان لە ئەمڕۆدا بووەتە ئەمری واقێع و ڕاسانی خۆرهەڵات ئەو دەرفەتەی بۆ ژنان ڕەخساندووە کە هاوکات لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی بەشداریی ئەکتیڤیان هەبێ لە خەبات بۆ یەکسانیخوازی و دادپەروەری لە کۆمەڵگای کوردستان و بەشداریی بەرچاوی ژنان لە دوای ڕاگەیاندنی ڕاسانی خۆرهەڵات سەلمێنەری ئەوەیە کە ژنان لەماوەی ئەمساڵانەدا چاوەڕێی دەرفەتێکی لەم چەشنە بوون. بەڵام سەرەڕای ئەم دەرفەتەیش ژنان دەبێ ئەوە بزانن کە ئەرکی ئەوان زۆر لە پیاوان قورسترە، لە کۆمەڵگایەکدا کە پیاوسالاری گەیشتووە ئەوپەڕی خۆی، بە داب و نەریتی تایبەتی کوردەواری کە

کارتێکەری ئایین و کەلتووری وڵاتانی داگیرکەری کوردستانی لەسەرە و باڵی بەسەر نەتەوەی کورد بە گشتی و ژنان بەتایبەتیدا کێشاوە. ژنان نابێ ئەوە لە بیر بکەن کە کۆمەلگا لە ژن و پیاو پێکهاتووە و ئەو دوو پێکهێنەرەی کۆمەڵگا دەبێ هاوسەنگی ئەم یەکسانییە بپارێزن و بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن لە ئاست سەرخستنی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك و نەهادینەکردنی ئەرزش و بەها مرۆییەکان و شان بدەنە ژێر باری خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان و ڕزگاری لە چەوسانەوە لە نێو خێزان و کۆمەڵگادا و نابێ ئەوەش لە بیر بکەن، کە ماف نادرێت، بەڵکوو دەبێ هەوڵی بۆ بدەی و بەدەستی بێنی .

کۆمەڵگا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی زیاتر لە پازێلێك دەچن کە ژن یەکێك لە تیکە سەرەکییەکانی ئەم پازێلەیە و ئەگەر ڕۆڵ و ئەرکی دیاریکراویان بۆ لەبەرچاو نەگیردرێ ئەوە هیچکات ئەم پازێلە سەریەك ناخرێت و هەمیشە ئەم کۆمەڵگا و بزووتنەوەیە بە نوقسانی درێژە بە حەیاتی خۆی دەدا و ناتوانین بە کۆمەڵگایەکی ئەکتیڤ بەئەژمار بێنین و ڕەنگە هەر ئەم خوێندەوە سادەیە لە کاریگەری ڕۆڵی ژن بێ کە لە قۆناغی نوێی خەباتی خۆرهەڵاتدا بەڕێوەبەرانی ئەم قۆناغە هێندە باس لە ڕۆڵی ژن دەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان کە ژنان زیاتر خۆیانی تێدا ببینەوە و ئەرك بەئەستۆ بگرن و ببن لە بەشێکی سەرەکی لەم خەباتە چ وەك هێزی شاخ چ وەك ئەکتەرێکی چالاك لە شاردا و ئەمە ڕاست بە پێچەوانەی ئەم قسەیە کە دەگوترێ پرۆژە و بەرنامەی ڕاسان، پرۆژە و قۆناغێکی پیاوانەیە چوون هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنی ڕاسان لە سنوورەکانی خۆرهەڵات جەخت لەوە کراوەتەوە کە تەنیا بەشداریی هەمە لایەنەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەتوانێ یارمەتیدەری سەرخستنی خەباتی کورد بێ و کاتێك باس لە گرێدانی خەباتی شاخ و شار دەکرێ، گرێدانی شاخە بە هەموو پوتانسیلەکانی کۆمەڵگا لە شاردا و ژنانیش بەدڵنیاییەوە پشکی شێریان بەردەکەوێ چوون هەم لە ڕووی حەشیمەت، نیوەی زیاتر کۆمەڵگایان پێکهێناوە و هەمیش لە ڕووی زوڵم و زۆریش دوو قات و سێ قات دەچەوسێنەوە و پێویستە بۆ ڕووانەوەی ئەم زوڵم و زۆر و بێ مافییە کە بەشێوەی سیستماتیك و بەرنامەدارێژراوە هەوڵی پەراوێزخستنی ژنان دەدا خۆیان بەشداری خەباتەکە بن.

ژنی کورد وەك مرۆڤێکی ئازادیخواز و تاکێکی کۆمەڵگا هەموو کات هاوشان و هاوهەنگاو لەگەڵ پیاوان لە قۆناغە جیاوازەکانی خەبات دژ بە هەر چەشنە زوڵم و زۆرێك چ لە بواری داسەپاندنی سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی باڵادەست و چ ئاڵوگۆڕە کەلتووری و ئابوورییەکان ڕوڵی کاریگەری گێڕاوە و لەو بوارەدا خەساری زۆری بینیوە و باجی زۆری داوە، بەو حاڵەشەوە خۆڕاگرانە هەورازو نشێوەکانی ژیان و خەباتی بە سەربڵێندییەوە تێپەڕاندوە و زۆر جاریش کەوتووتە بەر پەلامار و هەڕەشەی دوژمنان و تەنانەت بنەماڵەکانیان.

ژنی کورد مادام کە تاکێکی کۆمەڵگایە و خاوەن فکر و ئیرادەیە و لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنی زانیاری و بەڕۆژ بوونەوە و بەجیهانیبووندا دەچێتە پێش دەبێ بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ و تێبکۆشێ بۆ دەستەبەرکردنی مافە ئینسانییەکانی و لە هەر جێگە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا کە بن، دەتوانن باشترین یارمەتیدەری شۆڕش و خەباتی حیزبەکەمان بن و پشتیوانی لێبکەن.

لە بواری بەشداریی چالاکانەی ژنان لە خەباتدا کەلتوور و هەروەها بەستێنی کۆمەڵایەتی زۆر گرینگە، سەرەتا بنەماڵە پاشان گرووپ و ئەحزاب لە بیچمگرتنی ئەو پێناسەگەلە و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و تاکەکاندا، ڕوڵی گرینگیان هەبێ و دەتوانن بە ڕۆشنگەری سەبارەت بە ماف و ویست و داخوازییەکانی تاکی کورد ڕۆڵ بگێڕن .

بەهەرحاڵ، گرینگ ئەوەیە لە دەستکەوتەکانی خەباتی قارەمانانەی ژنانی کورد لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان کەڵکوەرگرین بۆ قۆناغی نوێی خەباتەکەمان.

“

کۆمەڵگا و بزووتنەوە
کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی
زیاتر لە پازێلێك دەچن کە ژن
یەکێك لە تیکە سەرەکییەکانی
ئەم پازێلەیە و ئەگەر ڕۆڵ
و ئەرکی دیاریکراویان بۆ
لەبەرچاو نەگیردرێ ئەوە
هیچکات ئەم پازێلە سەریەك
ناخرێت

”

ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان هیچیان لە ژنانی وڵاتانی دیکە کەمتر نەبووە و نییە و ئەوە شێوازی بیرکردنەوەی کۆماری ئیسلامییە کە لە بواری فیزیۆلۆژیکیەوە ژن بە زەعیف دەزانێ و گرینگی بە تواناکانیان نادا ئەگینا ژنان بە تەواوەتی نیشانیان داوە کە هیچیان کەمتر لە پیاوان نییە بە تایبەت لە بەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی لە هەمبەر کۆمەڵگادا.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلان، هۆنەری شۆڕشە و ئەو شۆڕشەش بە بێ بەشداری تەواوی کۆمەڵگا ئیمکانی نییە و ژنانیش هەر لەم سۆنگەوە دەڕواننە خەبات و لە هەوڵی بەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتین لە خەباتدا.

کاتێك کچی کورد لە پێناو ئازادی نەتەوەکەیدا حازرە هەر گیان فیداییەك بکات، سنوورەکان دەبڕی و بەو پەڕی باوڕبەخۆبوونەوە لە هەموو خواستە تاکەکەسیەکانی دەگوزەرێ و ڕێگای پڕ هەوراز و نشێوی خەبات دژ بە دوژمنی هاوبەشی ژن و پیاو دەگرێتە پێش، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە هەستی بە بوونی خۆی کردووە و دەزانێ کە تواناکان و باوەڕبەخۆبوونی ئەو دەتوانێ یارمەتیدەری خەبات بێ و ئەمەیش ئەرکی هێزە کوردییەکان و بە تایبەت حیزبی دێموکرات قورستر دەکا کە زیاتر ئاوەڕ لە ژنان بدەنەوە و بە بەشێکی هەرە گرینگی خەباتی بزانن. بۆیە پێویست دەکات لەم بوارەشدا بە خوێندنەوەیەکی ورد و هەمەلایەنە، پلان و بەرنامەیەکی گونجاو دابڕێژرێت بۆ سازماندان و ڕێکخستنی ژنان و بانگهێشتیان بۆ خەباتی نوێی ڕاسانی خۆرهەڵات.

حیزبی دێموکرات وەکوو حێزبێکی پێشکەوتنخواز بە بەرنامە و پرۆگرامێکی سەردەمیانە لەم قۆناغە نوێیەی خەباتەکەماندا، دەبێ هەوڵ بدا لە هەموو چین و توێژەکانی ژنانی کۆمەڵگا، لە هەر ئاستێك دا بە گوێرەی پێویست کەڵك وەربگرێت، کەڵکوەرگرتن بە مانای وەگەڕ خستن و کارا بوونی هێز و تواناکانیان. دەبێ ژنانیش نیشان بدەن کە هیچ کەس ناتوانێ پێش بە دەرخستنی تواناکانیان بگرێت، بیسەلمێنن کە تەنیا سووچی چێشتخانە و منداڵ بەخێو کردن و کۆڵەکەی ماڵ بوون ئەوان تێر ناکات. زۆرن ئەو ژنانەی کە سەریان لە سیاسەت دەرنەهێناوە، بەڵام ئەوین و خۆشەویستی نیشتمان پەلکێشیانی کردوە و لەو بوارەدا لە هیچ گیانفیداییەك خۆیان نەبواردووە.



# ڕاسانی خۆرهەڵات

٢

مریەم عەلی پوور

**پێشەکی**

مێژووی ڕامیاریی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت ئەو چوار وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە تێکەڵ پێکەڵ و ئاڵۆزە. ئەو ناوچەیە نەک هەر ڕووی ئارامی بە خۆوە نەدیتووە و بەڵکوو بەردەوام لە شەڕ و ناخۆشی دابووە، چ لە ڕووی ڕامیاری و ئابوورییەوە و چ تۆندوتیژیی ڕوو بە کۆمەڵگە بۆ داسەپاندن و قایم کردنی دەسەڵاتی حکوومەتی دیکتاتوری کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانەیە. گاندی دەڵێت: "لە هێندێک کاتدا ڕێگای سەربەخۆیی دەبێ خوێن پاکی بکاتەوە". هەرچەند لە هێندێک شوێندا، ڕێگای هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی خوێن پاکی ناکاتەوە وەک چەک و سلۆواکی، سکاتلاند لە ئینگلستان، کوبیک لە کانادا و ..... . هەروەها تێکۆشانی گاندی بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ وڵاتێکی داگیرکەری وەک ئینگلستان ڕووبەڕوو بوو کە دێموکراسی تێدا نهادینە کرابوو، دیالۆگ، ئاشتی و ڕێگاچارەکانی دێموکراتیک و مرۆڤیانە بەشێک لە کەلتووری ئەو وڵاتە بوون. بەڵام بەداخەوە لەو ناوچەیەی کە ئێمە تێیدا نیشتەجێین و پێیدەڵێین ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو قسەیەی گاندی لە جێگای خۆیدایە و تەنیا هێز بەتایبەتی هێزی چەکدار دەتوانێ کێشە سیاسییەکان و وەدەستهێنانی مافەکان چارەسەر بکات.

ڕاسان تێروانینمان بۆ فەلسەفەی ڕاسان دەتوانێ بەمانای دووبارە سەرهەڵدانەوە و بوژاندنەوەی بزووتنەوەیەک بێ. لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی ڕاسان یانی سەرهەڵدانی شۆڕش، شۆڕش بۆ ڕزگاریی نەتەوەیەک لە ژێر توند وتیژی و بێ مافیدا.

پۆڵ میشڵ فۆکۆ دەڵێت: "ڕاسانەکان بەشێکن لە مێژوو". کەواتە ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی خۆمان بدەینەوە دەبینین لە چەندین قۆناغی جیاوازدا ڕاسان هەبووە و هەر کاتێکیش ئەو ڕاسانانە لاواز بووبن یان بۆ ماوەیەک سەرکووت کرابن دیسان لە کات و ساتێکی دیکەدا سەریان هەڵداوەتەوە. ڕاسانەکان وەک شەپۆلی دەریان، بەرزو نزم دەبنەوە بەڵام تا گەیشتن بەشوێنی مەبەست، بوونیان هەر هەیە. شوێنی مەبەست و ئامانجی ئێمەش مافی نەتەوایەتی و ئازادی و سەربەستیمانە. بەردەوام بوون و گشتگیری کردنی ڕاسانی خۆرهەڵات دەبێتە هۆی نیزیک بوونەوە لە ئامانجەکانمان، بەڵام ئەگەر ئەو جارەش لاواز بێتەوە دەڵنیام دیسان بە گڕوتینێکی تر سەر هەڵدەداتەوە هەرچەند نرخیشی گران بێت. هەروەک دوکتور قاسملوو دەڵێت " گەلێک ئازادی بوێت دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات". بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئازادییەش دەبێ قوربانی بدەین.

هەلومەرجی سەرهەڵدانی ڕاسان و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە

بە هۆی ئەوەی جوغرافیای کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی خاوەن دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر بە شێوەیەک هەڵکەوتوە کە کەم واهەبووە و هەیە لە مافی پێکهاتە نەتەوەییەکانی نیشتەجێ بێجگە لە فارس، تورک و عەرەب، تێبگەن و بە تایبەت دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا کە هەردەم لەگەڵ یەکتر لە ململانەی دەسەڵاتخوازی خۆیان لە ناوچەدا بوونە و ئێستاش هەن و بۆیە ئەو دوو دەوڵەتانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە و هەیە کە خاکی کوردستان جێگا یان گۆڕەپانی زیاتری شەڕ وپێکدادان بێ. هەروەها فەلسەفەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر توندوتیژی و شەڕ دامەزراوە و هەر بەو فەلسەفەوە خۆی لەسەر پێ ڕاگرتووە. پاراستنی هێز و دەسەڵات لە ئێراندا پێوەندی بە پاراستنی بیروباوەڕی ئایینی یان سیستمی عەقیدەتی و توندوتیژی هەیە، هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی ئێران زۆر گرنگی بە فاکتەری ئایینی و زوڵم و زۆرداری دەدەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دیالۆگ و ڕێگاچارە دێموکراسی و مرۆڤییانەکان نامۆیە و تێناگات و دان بە مافەکانی نەتەوایەتیمان دانانێت. ئێمەی گەلی کوردیش عاشقی شەڕ نین و ئاشتی خواز بووینە و دەبین، بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستان هەردەم بۆ دیالۆگ و وتوویژ قوربانی گەورەمان داوە. هەر بۆیە دەبێ بە ڕاشکاوانە بڵێین کە لە بەرابەر هێزدا(هێزیکی دیکتاتۆردا) هێز وڵامدەرە و هێزی پێشمەرگە یان خەباتی شاخ گرنگی و تایبەتمەندی خۆی دەبێت و ئەرکێکی پێویستە. بەڵام هەر وەک نیلسۆن ماندێلا دەڵێت: " ئەو ئامانجانەی تفەنگی بۆ هەڵگیراوە هێشتا نەهاتونەتە دی، کاتێک بەئامانجەکانمان گەیشتین؛ تفەنگەکان خۆیان بێدەنگ دەبن".

"ڕاسان جۆش و خرۆشێکی تایبەتی خستە ناو کۆمەڵگەوە و مەیلی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و پرسیاری ئەوەی "کە من کێم و مافم چییە" لای تاکی ئەندامی کۆمەڵگا دروست کرد"

لەو چەند ساڵەی دواییدا و بەر لە سەرهەڵدانی ڕاسانی خۆرهەڵات، بزووتنەوەی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەباری خەباتی چەکداری یان هێزی نیزامییەوە بەرەو کیش بوون دەڕۆیشت، بەڵام بە خۆشیەوە بە دەستپێکی ڕاسانی خۆرهەڵات، ئەو ڕاسانەی کە بوو بە هۆی بووژانەوەی جووڵانەوەی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و ڕێنسانسی حیزب، لە کیش بوون ڕزگاری بوو. ڕاسان جارێکی دیکە ئیرادە و توانای داوە بە کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئەوەی لە هەوڵی پچڕاندنی کۆت و زنجیری دەسەڵاتی توندوتیژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دابێ و خەباتی شاخ و شار بەیەکەوە گرێبداتەوە.

ڕاسان جۆش و خرۆشێکی تایبەتی خستە ناو کۆمەڵگەوە و مەیلی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و پرسیاری ئەوەی "کە من کێم و مافم چییە" لای تاکی ئەندامی کۆمەڵگا دروست کرد. ڕاسان لە خۆرهەڵاتی کوردستان زۆر زوو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا خۆی ئاشکرا کرد.

هەر چەند چەخماخەی ئەو ڕاسانە بە خوێنی چەند ڕۆڵەی لێهاتوو و بەتوانای گەلەکەمان دەستی پێکرد، بەڵام لە هەمانکاتدا بەڕاستی مۆڕاڵی سوپای ئێرانی ڕووخاند و ترس و دڵەڕاوکێیەکی یەکجار زۆری خستە نێو سوپای



و شوێنی بڕیاردانی ڕێژیم کە پێی دەڵێن ‹‹بەیتی ڕێبەری››. ئەگەر بڕێک سەرنج بدەین دەبینین ئێستا ڕێژیمی ئێران زیاتر لە جاران گرنگی بە شەڕی ڕەوانی و هەروەها بە کۆیلەکردنی خەڵک دەدا. مۆنتیسکیۆ فەیلەسوف و نووسەری بە ناوبانگی فرانسەوی دەڵێت: "ڕۆژهەڵات هەمیشە جێگای ئیمپراتوری گەلی گەورە بووە هەر بۆیە دەسەڵاتی سیاسی لە خۆرهەڵاتدا دەبێ بەردەوام دیکتاتۆری بێت. لەبەر ئەوەی کەلتوری کۆیلەتی بەهێزە. ئەگەر ئەو کەلتورە بەهێز نەبێت کەواتە ئەو ئیمپراتوریەش تووشی دابڕان بوون یان لەنێوچوون دەبێت". ئەرکی هەموومانە خەبات بکەین بۆ ئەوەی خەڵکەکەمان بە کۆیلە نەکرێن و ئەو ڕاسانە و جووڵانەوەیە بە هی خۆمانی بزانین و تێیدا بەشداری بکەین. هەر وەک دوکتور شەرەفکەندی دەڵێت: "هیچ جووڵانەوەیەک بە ئاکام ناگات مەگەر ئەوەی کە خەڵک جووڵانەوەکە بە هی خۆی بزانێ". لەو قۆناغەدا کە قۆناغی ڕاسانە، ئێمە دەبێ زیاتر لە هەر کاتێک هەست بە بەرپرسایەتی بکەین. با لە شاخ پێشمەرگەی چەکدارمان هەبێت و لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتیش چالاکی مەدەنی، ئابووری، هزری، دیپلومات و .... مان هەبێ، ئەوانە پێکەوە زووتر لە ئامانجمان نزیک دەکەنەوە و بە هەزینەیەکی کەمتریش و پێکەوە دەتوانن ڕەورەوەی کاروانی ڕاسان بۆ بەرەو پێش بردن ڕێنوێنی بکەن. ئێمە دەمێکە لە ڕێبەرانمان فێربووین و دەزانین کە کاروانی شەهیدانمان لەوەش درێژتر دەبێت. دوژمن خەیاڵی چەوتە و دەبێ ئەوە باش بزانێت کە ئەوە فەلسەفەی دێموکرات و شۆڕشگێڕییە بە لەدەستدانی دەیان و سەدان پێشمەرگە و سەرکردەمان ئیرادە و ویستی ئازادیخوازیمان لاواز نابێت. وەک دەڵێن: "ملهوڕ و زۆردار دەتوانێت گوڵێک یا دوو گوڵ یا چەندین گوڵ سەربڕێت بەڵام بەهار هەر دێت". ڕاسان هیوا و ئومێدی تازەی بە خەڵک بەخشی. ئەوەش ئەرک و بەرپرسایەتی زیاتر دەخاتە سەر شانی هەر تاکێکی کورد لە خۆرهەڵات و بە تایبەت ژنانی کورد لەبەر ئەوەی ئێمەی ژنان کەمایەتی و چەندایەتییەکی کەم نین لە کۆمەڵگەدا. دەبێ ئەوەش بزانین جووڵانەوەی ئێمە جووڵانەوەیەکی ڕەوایە و لەپلەی یەکەمدا بۆخۆمان دەبێ پشت و پەنای خۆمان و جووڵانەوەکەمان بین. دەبێ هەوڵ بدەین کە کێشەی کورد بە تایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستان بکرێتە پرسێکی ڕۆژ، ناوچەیی و نێونەتەوەیی. کاتێک ئێمە بانگەوازی ئەوەی دەکەین کە بۆ خۆمان بڕیار لەسەر چۆنیەتیی سیستمی سیاسیی خۆمان بدەین کەواتە بۆ بە ئامانج گەیشتن دەبێ لە سەر ئەرزی واقیع خەبات و تێکۆشانی بۆ بکەین و لێرەشدا ڕۆڵی هەر تاکێکی کۆمەڵگە چ ژن و چ پیاو، چ خوێندەوار و چ نەخوێندەوار، چ پیر و چ لاو گرنگی و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە. ئەرکی چینی ڕووناکبیرە کە کار بکات بۆ لەقاودانی زوڵم و زۆری دوژمن، بۆ دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی، هەستی ئازادی و مافخوازی لە نێو هەر تاکێکی کۆمەڵگەدا. نابێ لەبەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێ هەڵوێست و بێدەنگ بین و بێدەنگی نیشانەی مردوویمانە. هەروەها هەبوونی هەستی نەتەوایەتی گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی هەیە بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووس، بڕیاری سیستمی سیاسی، بۆ پێشکەوتن و دروستکردنی مێژوویەکی ئەرێنی تاکوو نەوەی داهاتوو، شانازیمان پێوە بکات.

## ژنان و ڕۆڵیان

کەم نین ئەو ژنانەی لە جیهاندا ڕۆڵی کاریگەریان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەیاندا هەبووە و بوێریان تۆمار کردوە. ئێمەی ژنان وا باشە بڕوانینە تێکۆشان و چالاکی ژنانی ناوداری جیهان و



ئەو ئەزمونانەی ئەوان کە لەگەڵ کەلتوور و خەبات و ناوچەی ئێمەدا دەگونجی کەڵکیان لێوەرگرین. بە درێژایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، ژنانی کورد ڕۆڵی تایبەتیان هەبووە، وەک سیاسی، چەکداری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، ڕاگوێزتنەوەی زانیاری، خزمەت کردن و یارمەتیدانی پێشمەرگە و... . هەموو ئەوانە گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەبووە. بەشی زۆری ئێش و ئازار، ئاوارەیی و دەربەدەری، تێکۆشانی مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی هەر ڕاسان یان شۆڕشێک لە سەر شانی ژنان بووە. بۆ وێنە ژنانی کۆبانی بەڕاستی ناوبانگی جیهانییان بۆ ژنانی کورد تۆمار کرد. ئێمەی ژنان دەبێ لە شرۆڤە و خوێندنەوەی زانستییانە لەسەر ڕاسانی خۆرهەڵات ڕاستەوخۆ بەشدار بین و هەوڵی خستنە ڕووی پرس و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئابوورییەکان و سیاسییەکان بدەین و دەنگ و ڕەنگی خۆمان بین، نەک وەک پاشکۆ یان هێزی یەدەک. دەبێ بڕوامان بە خۆمان و ئامانجەکانی ڕاسانی خۆرهەڵات زۆر بەرزتر و قایمتر بێت. نابێ هەڵە و شکست و بەشداری نەکردنمان لە سیاسەتدا بخەینە سەر ئەستۆی سیستمی پیاوسالاری و ئایین، دەبێ خۆمان وەک هێزێکی پێشرەو هەوڵی کەم ڕەنگ کردنی ئەو سیستمە بدەین کە لە بەرژەوەندیی ژناندا نیە. ئەوەش کارێکی ئاسان نیە و تەنیا بە چەند ژنێک ناکرێ.


ئێمەی ژنانی کورد بەتایبەت خۆرهەڵات ئەگەر بمانهەوێت سروشتی تێکۆشان و تواناکانی خۆمان لە ناو شۆڕشدا بناسین یان لێیان تێبگەین دەبێ ئاوڕێک لە مێژووی تێکۆشانی ئەو ژنە شۆڕشگێرانە بدەینەوە و هەوڵ بدەین لە سیاست و ئاڵۆگۆڕەکانی دونیا و بە تایبەت ناوچەی نیشتەجێ بوونمان تێ بگەین. بەدوای دۆزینەوەی هەڵەکانمان کەوین. ئەوە شتێکی سروشتییە کە پیاوان حەز ناکەن دەسەڵاتیان لەگەڵ کەسانی تر بە تایبەت ژنان دابەش بکەن. ئەوە ئێمەی ژنانین کە نابێ کۆڵ بدەین و مەیدان چۆڵ کەین. هەر چەند ژنانی کورد چ لە بواری ئایینی، چ کۆمەڵایەتی و چ سیاسی مافی بەرانبەریان لەگەڵ پیاوان لە کۆمەڵگەدا نیە بەڵام ئەوە ئێمەی ژنانین دەبێ هەوڵی ئاڵۆگۆڕ و داسەپاندنی یاسای یەکسانی لە کۆمەڵگەدا بدەین.

هەر وەک سۆزان براونل ئانتونی چالاکی وەدەستهێنانی مافی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت: ‹‹ژنان نابێ چاوەڕوانی پشتگیری پیاوان بن، بەڵکوو دەبێ خۆیان پشتگیریی لە خۆیان بکەن.››

**کۆتایی**

بە لێوردبوونەوە لە ئەزموونی ڕابردوومان ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین ڕاسانی خۆرهەڵات لە وزە و توانایی نیوەی ئەندامانی کۆمەڵگە کە ژنانن بێبەش نەبێت. بۆیە وا باشە کەڵک لە ئەزموونی تێکۆشانی ژنانی وڵاتانی دیکە وەرگرین و بەشداری لە هەموو ڕەهەندەکانی ڕاسان بکەین و تێکۆشان بگرینە بەر بۆ ئەوەی جێی پەنجەمان زیاتر دیار بێت و بە کردەوە و لێهاتوویی لە گۆڕەپانی خەباتدا خۆمان دەرخەین. ئێمەی ژنان دەبێ ئەوەی باش بزانین کە وەک هێز، هێزی ژنان لە هەموو بوارێکدا ئەگەر خوازیار بین لە هێزی پیاوان کەمتر نابین و نین. هەر وەک د. قاسملوو دەڵێت: "هەرچی زیاتر ژنان لە کارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بن کۆمەڵگە پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە."

بەهیوای سەرکەوتنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات و بەشداری زیاتری ژنان لەو پرۆسەیەدا.



# پرسی ژن لە دیسکۆرسی «ڕاسان»دا

ناهید حسەینی

لەو کاتەوە کە مرۆڤ هەستی بە بوونی خۆی کردووە و ئاوەزمەندانە ڕوانیویە و ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی داوەتەوە، عەودالّی شوناسێکی ڕاستەقینە و شیاوی مرۆڤ بووە. زۆر جاریش بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی لە چوارچێوەی ئەو شوناسە شیاوەدا ناچار بووە خەبات و بەربەرەکانێ بکات. مێژووی خەباتی مرۆڤە چەوساوەکان بۆ ڕزگاری لە چەوسانەوە و ژێردەستەیی، مێژوویەکی دوورودرێژ و پڕ هەوراز و نشێوە و لە خۆیدا هەڵگری دیرۆک و سەربووردەی تەژی لە قارەمانەتیە. گەلی کوردیش وەکوو بەشێک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەردەم عەودالّی شوناس و ماف و کەرامەتی مرۆیی خۆی بووە، چەوساوەتەوە و بەرگریی لە خۆی کردوە، سەرکەوتوە و شکستی هێناوە و هەستاوەتەوە و کۆڵی نەداوە و بەچۆکدا نەهاتووە. ژنانیش وەکوو بەشێکی سەرەکی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دواجار کۆمەڵگای کوردی، لەو هەڵوەدایی و عەودالّییە بێبەش نەبوون و مێژوویەکی دوور و درێژە لەمەڕ دەستەبەر کردنی مافە مرۆییەکانیان خەبات دەکەن. خەباتێکی بێوچان و بڕستبڕ. بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، بەڕوونی دەردەکەوێ کە ڕەهەندێک لە خەباتی نەتەوەی کورددا بوونی نیە کە شوێنپێ و شوێنپەنجەی ژنانی پێوە دیار نەبێ. لەو مێژووەدا دەیان نموونەی ژنانی ئازا، سەرکردە، خاوەن دەسەڵات و خەباتکارمان هەیە وەکوو حەپسەخانی نەقیب، عادیلە خانم، خاتووخانزادی سۆران، بێبی‌مریەمی بەختیاری، مەستوورەی ئەردەڵان و....هتد، کە ژیان و دیرۆکی خەباتی هەرکامیان لە ڕەهەندی جیاوازەوە جێگای لێوردبوونەوە و ڕامانە. خەباتی گەلی کورد بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی و ڕزگاری لە بندەستی و چەوسانەوە، هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە و ژنانی خەباتکاری کوردیش پێبەپێی ئەو شۆڕشە و ئەو خەباتە هاتوون و بەشێکی دانەبڕاو بوون لەو ڕەوتە. لێرەوە بەو کورتە پێشەکییە و لەو سۆنگەوە دەچمە نێو باسی سەرەکیی ئەم بابەتە، واتە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە خەباتێکدا کە بە «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» ناسراوە. بەپێی ئەو پێناسەیەی کە بۆ ڕاسانی خۆرهەڵات دەکرێت، ڕاسان خەباتێکی فرەڕەهەند بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کوردە لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە میکانیزمی گرێدانی خەباتی شار و شاخ. لێرەدا پێویستە لەسەر وشەگەلی «فرە ڕەهەند»، «ڕزگاریی نەتەوەیی»، «دەستەبەر کردنی ماف»، «شاخ» و «شار» بوەستین. کاتێک باس لە خەباتێکی فرە ڕەهەند دەکەین، ئەوسا خەباتێک لە ناخی هەموو جومگەکانی ژیانی مرۆڤ بەرجەستە دەبێتەوە و خەباتی ئابووری، کولتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و... هتد، خۆی وێنا دەکات. هەرکام لەو ڕەهەندانەی ئاماژەیان پێ کرا مێژوو و دیرۆک و سەربووردەی تایبەت بە خۆی هەیە و ئامانجی دیاریکراوی خۆیشیان دەپێکن. ژنان بە گشتی و ژنانی کوردیش بەتایبەتی وەکوو بەشێکی سەرەکیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی کوردی، لە هەرکام لەو بورانەدا نەبەزیی خۆیان نیشان داوە و شێلگیرانە لێی هاتوونەتە دەست و خەباتیان بۆ کردووە و کەم تا زۆر جێ‌پەنجەی خۆیان دیاری کردووە.

لە کەس شاراوە نیيە کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی چەوسانەوەی ژنان و بەستراوە بوونیان بە ڕەگەزی بەرانبەریان کێشەی ئابوورییە. هەربۆیەش لە خەبات بۆ سەربەخۆیی ئابووریيدا هەنگاوی زۆر جیدییان هەڵگرتووە، بەڵام مەخابن بە هۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی ئابووری لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و ئاریشەی شەڕ و ئاڵۆزیی ژیار و داتەپینی ئابووری لەو ناوچەیە، نەیانتوانییوە لەو بوارەوە بگەنە سەربەخۆییەکی تەواو و هەربۆیەش پێویستی بە بەردەوامیی و ماندووبوونێکی زیاتره لەو بوارەدا. لە باری کەلتووریی و کۆمەڵایەتیشەوە بۆ شکاندنی دیواری کۆت و بەندی داب و نەریتە چەق بەستوو و سوواوەکان هەوڵێکی بەرچاو لە ئارادا بووە و هەیە و ژنان بە هێزی زانست و هونەر و خەباتی کەلتووری بەرەنگاری ئەو ئاستەنگە مێژووییە بوونەتەوە و بە چەکی خامە و هونەر و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی هەمەلایەنە هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگەی نەریتی بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن دەدەن و بۆ دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگە هەنگاو هەڵدەگرن. لە ڕووی سیاسییشەوە هەرچەند بە بەراورد لەگەڵ ڕەهەندەکانی دیکە بەشداری خەباتی ژنان تا ڕادەیەک ڕەوتێکی خاوتری بڕیوە، بەڵام شاهێدی هەوڵی باش و کاریگەری ژنان بووین لەو بوارەشدا. ئەمڕۆکە ژنان لە باری سیاسییشەوە شان بە شانی پیاوان پێیان ناوەتە گۆڕەپانەکە و شوناسی سیاسیی خۆیان لە گۆڕەپانێکی قۆرخکراو لە دەستی ڕەگەزی بەرانبەری خۆیاندا دەچەسپێنن. هەموو ئەو ڕەهەندانە و ئەو شێوەخەباتانە بۆ ئێمەی کورد هەردەم لە دوو ژینگەی سیاسیی شاخ و شاردا خۆی بینیوەتەوە. هەندێ جار بەپێی بارودۆخی سەردەم بۆ ماوەیەکی کورتخایەن ئەو ژینگانە ئاوێتە بوونە و زۆربەی جارەکانیش لێک دوور و تا ڕادەیەک دابڕاو بوونە. شێوازی خەباتەکانیش بە هەمان شێوە لێک دابڕاو و دوور وێنا کراون و خاوەنی دیسکۆرسی تایبەت بە ژینگەی سیاسیی خۆیان بوون. ئەوەی لە جەوهەری ڕاسانی خۆرهەڵاتدا ئاماژەی پێدەکرێت و کۆڵەکەی سەرەکیی ئەو خەباتە پێکدەهێنێت، لێک گرێدانی ئەو دوو ژینگە سیاسییە و ئەو دوو دیسکۆرسەیە و گەیاندنیان بە دیسکۆرس و ژینگەیەکی یەکانگیر و تۆکمە بە مەبەستی کورت کردنەوەی ڕێگەی خەبات و ئاوێتە کردن و لێک گرێدانی وزە و پۆتانسییەلەکان و دواجار کەم کردنەوەی خەسارە مرۆیی و سیاسییەکانە لە خەباتی گەلی کورددا. بە سەرنجدان بەو ئاڵۆزییە گشتییەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوین ڕەچاو دەکرێت و پەرتەوازەیی هێز و وزە و پۆتانسیيەلەکان، ڕاسانی خۆرهەڵات وەکوو پرۆژەیەکی کاریگەر و جێی ئومێد و بڕوا

> “
> **بەپێی ئەو پێناسەیەی کە بۆ ڕاسانی خۆرهەڵات دەکرێت، ڕاسان خەباتێکی فرەڕەهەند بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کوردە لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە میکانیزمی گرێدانی خەباتی شار و شاخ**
> ”



دەردەکەوێ و هەموو هەوڵی داڕێژەرانی ئەو پرۆژە و میکانیزمە، گەییشتنە بە خەباتێکی جەماوەریی فرەڕەهەند و لێک نزیک کردنەوە و ئاوێتە کردنی هەرچی زیاتری پۆتانسییەلی پەرتەوازەی شاخ و شارە. بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕە خێراکان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، شاخ وەکوو سیمبۆلی خەباتی چەکداری و شار وەکوو سیمبۆلی خەباتی مەدەنی پێویستیان بە وزەیەکە تا سەرەداوە پەرتەوازەکانی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد کۆ کاتەوە و هەردووک جەمسەری شار و شاخ، شان بە شان و بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە بەرەو ڕزگاریی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کورد هەنگاو هەڵگرن و مەودا دوورەکان بەو یاکانگیرییە کورت بکەنەوە و ڕەوتی گەییشتن بە ئامانجی سەرەکی خێراتر بکەنەوە. ئەو وزەیەش هەمان میکانیزم و پرۆژەی ڕاسانی خۆرهەڵاتە. بەپێی ئەو خوێندنەوانەی بۆ ڕاسان دەکرێت و بەو پێناسەوە کە بۆ خەباتی ژنان کردمان، هزری ڕاسان لە خەباتی ژنانیشدا چ بۆ مافە نەتەوەییەکانیان و چ بۆ مافە مرۆیی و ڕەگەزییەکانیان باندۆری خۆی دەبێت. ژنانی کورد هەردەم هاوکات هەڵگری قورسایی باری دوو شێوە خەبات بوون، خەباتێک بۆ مافە نەتەوەییەکانیان و خەباتێکی دیکە بۆ مافە ڕەگەزییەکانیان وەکوو دوو توخمی سەرەکیی مافە مرۆییەکانیان. لێرەدا و لە فەلسەفەی ڕاسانی خۆرهەڵاتدا هەموو جومگەکانی ئەو خەباتە دەتوانن بە یەک ئاراستە بڕۆنە پێش و ژنان مافەکانی خۆیان لە هەموو بوارێکەوە لە چوارچێوەی خەباتی شار و شاخدا دەستەبەر بکەن. بەو مانایە کە هەڵگرتنی چەک بە تاکە ڕێگای ڕزگاری لە بێمافی و چەوسانەوە پێناسە ناکرێت و خەباتی مەدەنیی ژنانی شار و خەباتی چەکداریی ژنانی شاخ تەواوکەری یەکتر دەبن و خوێندنەوەکان بە شێوەی هاوتەریب لەو دوو پرۆسەدا پێناسەیان بۆ دەکرێت و ژنانی چالاک و شۆڕشگێر دەتوانن باندۆرێکی کاریگەریان هەبێت لە گۆڕینی زەینیەتی پیاوانەوەندی و پیاوسالاری لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا. ڕەنگە لە بڕگە و قۆناغگەلێکدا کاریگەریی ئەو چالاکییانە کەم بێت، بەڵام لە ڕەوتی خەبات بۆ سازیڕ کردنی ئەو برینە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەدا دەوری ئەو شێوە چالاکییانە هەمیشە ئەرێنی و



کارسازە و ئیرادەیەکی تۆکمە و خاوەن کاریگەریی لە ژنان وێنا دەکات کە درگا بۆ گۆڕانکاریی جەوهەری لە کۆمەڵگە و خەباتی نەتەوایەتی کوردستان دەکاتەوە و ڕێگاکەی بۆ هەموار دەکات. ڕاسانی خۆرهەڵات هەمان درگایە کە بەڕووی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی بەڕووی ژناندا ئاوەڵا بووە. دەرفەتێک کە لەمێژ بوو خەڵک بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانیان دەکرد. بەرنامە و ئامانجەکان و شێوازی خەبات لە چوارچێوەی چەمکێکدا بە نێوی ڕاسانی خۆرهەڵات، تەنیا لە لوولەی چەکی پێشمەرگەدا بەرتەسک و قەتیس ناکرێتەوە و فرە ڕەهەندیی ئەو شێوازە خەباتە وەکوو باسکرا، درگا بۆ هەموو چین و توێژەکانی کوردستان بە هەر وزە و توانا و پۆتانسییەلێکەوە ئاواڵە دەکات تا بەقەدەر توانا و هێزی خۆیان بەردێک لەسەر قەڵای بەردینی ئەو خەباتە دابنێن و سەنگەرێک لە وزە و هێز و خۆڕاگری چێ بکەن بۆ گەییشتن بە ئامانجێکی گشتی، واتە ڕزگاریی نەتەوەیی کە لە خۆیدا هەڵگری هەموو ڕەهەندەکانی ڕزگارییە. لەگەڵ ئەوەدا کە پێویستیی بوونی ژنان لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا وەکوو هەموو جومگە و ڕەهەندەکانی دیکە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ڕاسانی خۆرهەڵات ئەو ڕەهەند و لایەنانەش لە خەباتی ژنان دەخاتە ژێر چەتری خۆیەوە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە گۆڕەپانەکانی دیکەی تێکۆشانی سیاسی و ئابووری و کەلتووری لە بەرانبەر ئیدئۆلۆژیی فەرمیی کۆماری ئیسلامی و پێوەر و پێوانە سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانیدا دەوەستێتەوە. لێرەوە ڕێگا بۆ بژاردەی شێوازی بەشداری لە خەباتدا هەمەڕەنگتر دەبێتەوە. هەرکەسەو بە گوێرەی ویست و حەزی خۆی شان دەداتە بەر خەباتێکی ڕەوای نەتەوەیی. ژنان لە نێوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستان ساڵانێکە و مێژووییەکە بۆ یەکسانی لە هەموو ڕەهەندەکانیەوە خەبات دەکەن. ئاستی هۆشیاریی ژنان ئەمڕۆکە زۆر بەرزتر بۆتەوە و بەو پێیەش دەنگ و بانگی مافخوازییشیان بەرزتر لە جاران بۆتەوە. خەبات دەکەن و قوربانیشی بۆ دەدەن. بە چەکی وشیاری، زانست و هونەر بەرەنگاری کۆنەپەرستترین ڕێژیم دەبنەوە و دەنگی ئازادیخوازیی خۆیان بەرز دەکەنەوە. لە چالاکییە مەدەنی و هونەرییەکاندا بەشداریی کارایان هەیە و ڕۆژ نیە گوێبیستی هەواڵی قارەمانەتی و شۆڕشی ژنانی نێوخۆ نەبین.

هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی بڕیاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە بۆ لێک گرێدانی خەباتی شار و شاخ، ژنانێکی زۆر شێوازی خەباتی چەکدارییان هەڵبژارد و پۆل پۆل پەیوەست بە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی بوون. بە گوێرەی



تواناکانیان لە جومگە فرەڕەنگەکانی خەباتی شاخدا بەشدارییان کردووە و بە ئیرادەیەکی تۆکمەوە لە هەموو سەنگەر و سانترەکانی خەباتی شاخدا جێپەنجەی خۆیان دیاری کردووە. بوونی ژنان لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا ئامادەبوونێکی کوتوپڕ و بێپێشینە نەبوو، چوونکە ژنانی خەباتکار و دێموکراسیخواز هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکراتەوە، شان بە شانی پیاوان پشکی خۆیان لە بزووتنەوەی چەکداریی حیزبدا گێڕاوە و لەو ڕێگەشدا قوربانییان داوە و لە هیچ ئاستەنگێک نەپرینگاونەتەوە. ئێستاش لەسەر بنەمای بەرنامەی نوێی حیزبی دێموکرات و لە بەر ڕۆشنای میکانیزمێکی نوێ بە نێوی ڕاسانی خۆرهەڵات بەڕێژەیەکی بەرچاوتر لە جاران پەیوەست بە کاروانی خەباتی نەتەوەیی گەلەکەیان دەبن بۆ ئەوەی مزگێنیی هەڵاتنی خۆری ڕزگاری بگەیەننە گوێی ویژدانە نەنووستووەکانی کۆمەڵگەکەیان. لەو ڕێگایەشدا گەلێک قوربانییان داوە و دەیدەن، بەڵام ورە بەر نادەن و چۆکیان سست نابێت. بوونی دەیان و سەدان سەربووردەی قارەمانەتیی ژنان لە ڕەوتی خەباتدا و بوونی شەهیدان و کەمئەندامان و شاهێدانی عەینی و...هتد، شاهێدی بۆ ئەو خۆڕاگریی و لەخۆبوردووییە دەدەن. خەباتی ژنان ئەمێستا لە دوو جەمسەری شاخ و شاردا وەرچەرخانێکی مێژوویی بەخۆیەوە بینیوە. ژنان سەلماندوویانە کە پاشکۆیەتی و کۆیلەیی قبووڵ ناکەن و چیدیکە خۆیان وەکوو ئەکتەری سەرەکیی گۆڕەپانی چالاکییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵ دەگێڕن و بەرەنگاری پاشماوەکانی بیر و هزری پیاوسالاری و نەریتە چەقبەستووەکان دەبنەوە و ڕێگە نادەن بیرۆکەی پاشکەوتووانەی ڕەگەزی دووهەم بوونیان بەسەردا بسەپێت. بوونی تەژی لە توانا و هێز و ورەی ژنان لە سەنگەرەکانی خەباتی شاخدا و هەروەها لە سەنگەرەکانی خەباتی شاردا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. دیارە لەو ڕێڕەوەدا ناتوانین حاشا لە بوونی پیاوانێکیش بکەین کە تا سەر ئێسقان باوەڕیان بە بوون و تواناکانی ژنان هەیە و دەورێکی ئەرێنی و کارا دەبینن لە هاندان و ڕێخۆشکەریی بۆ بەشداریی ژنان لە خەباتدا. چوونکە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ژنان، بەداخەوە هێشتاش ڕێژەی ژنانی چالاک لە هەموو بوارەکاندا بە ڕادەی پێویست نیە و پاڵپشتیی پیاوانی بەرابەریخواز و ئازادیخواز بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی بەشداریی ژنان پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. کەس ناتوانێ حاشا لەو ڕاستییە بکات کە هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت مۆدێرن و پێشکەوتوو و

دێموکرات بێت، ئەگەر نیوەی حەشیمەتی ئەو کۆمەڵگایە کە ژنان بن، لەو کۆمەڵگەیەدا شوێن بزر و کۆیلەی نیوەکەی دیکە بن. هەربۆیەش پێویستە بەستێن بۆ دەورگێڕان و ڕۆڵبینینی ژنان لە هەموو شێوەکانی خەبات وەکوو چالاکیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، وێژەی نەتەوەیی و بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ چەقبەستووترین باو و نەریتەکانی کۆمەڵگە و خەبات بۆ یەکسانی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە هەموار بکرێت و ئەو پرۆسەیەش بە هاوکاریی و یەکگرتوویی هەموو مرۆڤە یەکسانیخواز و ئازادیخوازەکان لە هەردوو ڕەگەزەکە مسۆگەر دەبێت. لێرەدا ناتوانین ڕۆڵ و کاریگەریی ژنانی خەباتکاری دەرەوەی وڵاتیش وەکوو هێزێکی کاریگەر و پشتیوانی ژنان لە شاخ و شار لەبەرچاو نەگرین. ئەو ژنانەی کە چالاکانە لە هەموو بوارەکاندا ڕۆڵیان گێڕاوە و بە ئیرادەیەکی پتەوەوە بۆ پشتیوانی و بەهێز کردنی بزووتنەوەکانی ژنان لە شار وشاخ هەوڵیان داوە و دەوریان هەبووە. ژنانی دەرەوەی وڵات پێشنگانی گەیاندنی دەنگی ژنانی ستەملێکراوی نەتەوەکەیان بوون بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و بە وەڕێخستنی میتینگ و کەمپین و بە چەکی قەڵەم و چالاکی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت گەیاندنی یارمەتیی مادی، هەردەم پشتیوانی ژنانی شار و شاخ بوون و خۆیان وەکوو بەشێکی کاریگەر لە خەباتی ژنان پێناسە کردووە. چوونکە پێشەنگایەتی لە کار و چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کەڵک وەرگرتنی درووست و بەجێ لە ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییە ئێنتێرنێتییەکان و خۆش کردنی بەستێنی دروست بوونی تۆڕێک لە پێوەندی لە نێوان ژنانی چالاک لە شار و شاخ و دەرەوەی وڵات بۆ گەیاندنی دەنگی ژنان و ڕادەربڕینی ئازادانە و بەربڵاو، هاوکارییەکی بەرچاو بووە بۆ وشیار کردنەوەی توێژی ژنان و ئاشنا کردنیان بە شێوازە نوێیەکانی خەبات، و بەتایبەتی خەباتی مەدەنی. ئەو شێوە خەباتە دەتوانێت ببێتە کۆڵەکە و بەردی بناغەی بەرەوپێش بردن و بەئاکام گەیاندنی هزر و فەلسەفەی ڕاسانی خۆرهەڵات. ژنانی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی نێوخۆی وڵات لە باری چالاکی کەلتووری و وێژەی نەتەوەییەوە بوونەتە بەشێکی تۆکمە لە ڕاسانێکی مێژوویی. بەرەنگاری نەریت و چوارچێوە کۆنەکان دەبنەوە و ئەو ڕەهەندە لە خەباتی ژنانیش ئەمێستاکە گوڕوتینێکی جیدیی بەخۆوە دەبینێت. پێشکەوتنی ژنان لە باری هونەر و کەلتوور و وێژەی نەتەوەییدا گەشەیەکی بەرچاو و بێوێنەی کردووە و ئەوەش دەبێتە پشتیوانی گەییشتن بە شوناسێکی ڕەسەنی کوردی و پردی پەڕینەوەی نەوەی نوێی گەلەکەمان بەرەوە ئەدەب و هونەری هاوچەرخی کوردی و دواجار تۆکمە کردنی بەردی بناغەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلەکەمان. ڕۆڵی چالاکییە وێژەییە کوردییەکان و ڕۆشنگەری و ڕۆشنبیریی ژنان، بارتەقای دیکەی بواره هونەرییەکان وەکوو شانۆ و سینەما و نیگار کێشی و شێوەکاری، گۆرانی، مۆسیقا و فۆتۆگرافی و...هتد، لە وشیاری نەتەوەیی و هەستی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگە و پێگەیاندنی جیلی تازە پێگەییشتووی کۆمەڵگە حاشاهەڵنەگرە. ئاشکرایە کە هەتا ژنان نەبنە بەشێکی ئەکتیڤ لە گۆڕەپانە جیاوازەکانی خەباتی نەتەوەیەکی ئازادیخوازدا، هیچکام لە دروشمە ئیدئۆلۆژیکەکان و ڕێبازە سیاسییەکان کە خۆیان وەکوو ڕێبواران و خەباتکارانی یەکسانیخوای و پێشکەوتنخوازی و ئازادیخوازی پێناسە دەکەن، سەرکەوتوو نابن. چوونکە هەردەم لایەکی پارسەنگەکەیان خوارە و خەباتەکەیان بێئاکام دەمێنێتەوە. هەربۆیەش ئەرکە لەسەر ژنان و پیاوانی خەباتکار و شۆڕشگێر کە وێڕای پاڵپشتییەکی بەهێز لە یەکتر، شان بە شان، بە هێز و ئیرادەیەکی ڕاستەقینەوە بەستێن بۆ بەشداریی هەمەلایەنەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەدا خۆش بکەن و بە کردەوە هەوڵی جێگیر کردنی یەکسانیی هەمەڕەهەند بدەن. بەکورتی و وەکوو کۆبەندێک بۆ ئەم بابەتە، پێویستە بڵێم کە ڕاسانی خۆرهەڵات پرۆسە و فەلسەفەیەکە، مێکانیزم و چەترێکە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەتوانن لە سایەدا بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان خەبات بکەن و هاوکات هەموو پێکەوە بۆ مافێکی سەرەکی و هاوبەش کە ڕزگاریی نەتەوەییە هەنگاو هەڵبگرن. ڕاسانی خۆرهەڵات پۆتانسیەلی کۆکردنەوە و وەگەڕخستنی ئەو پۆتانسیەلە پەرتەوازانەی تێدایە کە بۆ نەهێشتنی بناغەی بێدادی و ستەم خەبات دەکەن و ڕاسانی ژنانیش بەشێکە دانەبڕاو و تەواوکەری ڕاسانی خۆرهەڵات بەگشتی و بە هەموو ڕەنگ و ڕەهەندەکانیەوە. شایانی باسە کە ڕاسانی خۆرهەڵات پرۆسەیەکی درێژخایەنە و تەنانەت پاش ڕووخانی ڕێژیمی دژەگەلیی و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامییش بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەوسا بۆ ڕیشەکێش کردنی پاشماوەی هەموو ئەو نەریتە چەقبەستووانەی

> **ئاشکرایە کە هەتا ژنان نەبنە بەشێکی ئەکتیڤ لە گۆڕەپانە جیاوازەکانی خەباتی نەتەوەیەکی ئازادیخوازدا، هیچکام لە دروشمە ئیدئۆلۆژیکەکان و ڕێبازە سیاسییەکان کە خۆیان وەکوو ڕێبواران و خەباتکارانی یەکسانیخوای و پێشکەوتنخوازی و ئازادیخوازی پێناسە دەکەن، سەرکەوتوو نابن**



# خۆرهەڵاتی نوێ

# ئەزموونێکی نوێ بۆ خەباتی ژنی کورد

ڕووناک فەتحی



نوێگەرایی، وەکوو پڕۆسەیەکی بەردەوام لە گۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی، کەلتووری وسیاسی و... کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە جیهانبینی، هزر و ئەندێشە ئافراندن و پشت بەستن بە گۆڕانی لۆژیکی، واتای نوێ بەرهەم دێنێ و شوناسی دووبارە بە کۆمەڵگا دەبەخشێ. بەواتایەکی دیکە هزری نوێگەرایی فاکتەرێکی جەوهەرییە لە ڕەوتی بەردەوامی و گەشەسەندنی ژیاری تاکەکەسی و گرووپی کۆمەڵگا لە هەموو بەستێنە جیاوازەکانی ژیاندا. لەم ڕوانگە گشتییەوە گوتاری «خۆرهەڵاتی نوێ» بەشێکە لەو گۆڕانەی کە ئەوڕۆ لە ئاستی کۆمەڵگای جیهانی ڕوودەدات. هەڵگری پەیامێکە کە دەیەوێ بە تێڕامانێکی ئەوڕۆی خواستەکانی کۆمەلگای کوردستان پێناسە بکاتەوە و شوناس و بەهایەکی نوێی پێببەخشێ. کارەکتەری ئەم گۆرانەش لە هەنگاوی یەکەمدا هەر خودی کۆمەڵگایە بە هەموو پێکهاتە و فرەچشنی و فرەڕەنگییەک کە هەیەتی. تا ئێرە ڕوونە کە ڕاسان گوتارێک نییە تایبەت بە چین وتوێژ یان لایەنێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا بێ، بەڵکوو خەباتێکی فرە ڕەهەند و گشتگیرە کە بە پێی سروشت و تایبەتمەندی ژینگەی تێکۆشانی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی ئەرك و بەرپرسیارەتی دەخاتە سەرشانی تاکەکانی کۆمەڵگا لە بوارە جیاوازەکاندا. بەڵام چ هۆکارگەلێک دەخوازێ کە بەتایبەتیتر باس لە ڕۆڵ وپێگەی ژنی کورد لە دیسکۆرسی ڕاسان دا بکەین؟ یان ڕاسان ئەو بەستێنەیە کە ژنانی کوردستان بتوانن وەکوو دەرفەتێک بۆ هێنانە بەرباسی داخوازە بەرهەقەکانیان چاوی لێبکەن؟ ڕەنگە بۆ وڵامدانەوە بەم پرسانە زۆر باس و بابەت لە گۆشەنیگای جیاوازە و ڕاڤەکرابن کە بەگشتی پێداگری لە سەر زەرووەرتی حزووری ژنان لە ڕاسان دا دەکات. بۆیە باس لە زەرووەرتی بەشداری نییە بەڵکوو باس لە چۆنییەتی بەشداری وکاریگەری ژنانی کوردستانە لە خەباتی نوێی خۆرهەڵات. بۆ زیاتر ڕاڤەکردنی ئەم باسە دەخوازین ئاوڕێکی کورت لە پێشینەی خەباتی بەرابەری ونەتەوەخوازی ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان وکۆسپ و لەمپەرەکانی سەر ڕێگای خەباتیان بدەینەوە. بە درێژایی مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەخوازی و خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستی نەتەوەیی، خەباتی ژنی کوردیش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی تێکەڵ بە خەباتی نەتەوەخوازی بووە. بەتایبەت حزووری ژنان لە مێژووی خەباتی هاوچەرخ دا بە شکڵگرتنی حیزبی سیاسی زیاتر خۆی دەردەخات. لەم قۆناغەدا حیزبی سیاسی وەکوو یەکێك لە موئەلفەکانی مودێرنیتە لە دایك دەبێ و پێشەنگایەتی جوڵانەوە دەگرێتە دەست. هاوکات بە بەرنامەی دێموکراتیک و پێشکەوتوو بۆ ئەو»سەردەم» ئاراستەی خەباتی نەتەوەخوازی لە قاڵبی خێڵ و عەشیرە دەگۆرێ بۆ قاڵبی هێزی سیاسی پێشکەوتنخواز، بەم جۆرە حیزبی سیاسی توانی گۆڕان لە پێکهاتەی تەواو خێلەکی و عەشیرەتی کۆمەڵگا دروست بکات و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەدەوری بەرنامەی خۆی کۆبکاتەوە و بە کاناڵیزەکردنی کۆمەڵگا بێتە نێو بیاڤی گشتی. ئەگەر ئەم قۆناغە بۆ خەباتی نەتەوەخوازی بە داینەمۆی قۆناغێکی زێرین لە مێژووی گەلی کورد بێنینە ئەژمار، ئەوا بۆ ژنی کورد سەرەتای وەرچەرخانی دەسپێکی ئەزموونێکی نوێتر بوو لە کۆمەڵگایەکی تەواو نەریتخواز و پیاوسالار. بۆ وێنەکۆماری کوردستان بوو بە نوێنگەی خەباتی ژنی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان. دامەزرانی کۆماری کوردستان وەکوو یەکەمین کیانی نەتەوەیی لە شکڵی کۆماریی، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کورستان، نەتەنیا دەسکەوتێکی گەورەی نەتەوەیی بوو بۆ هەموو گەلی کورد بەڵکوو دەسکەوتێکی کەم وێنە بوو بۆ ژنانی کوردستان و پێکهاتەشکێنی لە نۆرمی چەقبەستووی کۆمەڵگا. کۆمار بە دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە ژێر ناوی یەکیەتی یایان» یەکیەتی خانمان» کە بە مرووری زەمان گۆرا بۆ یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەرفەتی بۆ بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی دا ڕەخساند. ئەم ڕێکخراوە تا ڕادەیەک توانی ببێت بە بەستێنێك بۆ بردنە سەری ئاستی هۆشیار و خوێندەواری ژنی کورد بە خۆڕێکخستن و هێنانە ئارای داخوازەکانیان بە مەبەستی نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی، کەلتووری وکۆمەلایەتی و بەشداری لە هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگا.

بەڵام بە نسکۆ هێنانی کۆماری کوردستان، خەباتی ژنی کوردیش تووشی نسکۆ هات و کەوتەوە ژێر سێبەری دەسەڵاتی پیاوسالاری. بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئەم دەسکەوتەی ژنان لە ڕووی زەمان ومەکان، دەکرێ وەکوو دەسکەوتێکی مێژووی چاوی لێبکرێ. بەگشتی خەباتی ژنی کورد لەم قۆناغەدا زیاتر هاندان بووە بۆ بەهێزکردنی خەباتی نەتەوەخوازی تا دەرکەوتنی ژنی کورد وەك کارەکتەرێکی ژنانە. دیارە بە پێی بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە خەباتی نەتەوەخوازی زاڵ بووە بەسەر هەموو پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگادا و ئەولەویەتی یەکەم ڕزگاری لە بندەستی نەتەوەیی بووە. بۆیە مەبەست کەمڕەنگ پیشاندانی خەباتی نەتەوەخوازی نییە، بەڵکوو خستنە ڕووی واقێعی ئەو قۆناغەی خەباتە. دەکرێ ڕۆڵی ژنی کورد لە خەباتی نەتەوەیی بە شێوەیەکی زانستی خەسارناسی بۆ بکرێ کە ئامانجی ئەم نووسینە نییە.

### قۆناغی نوێ- پێگە و ڕۆڵی ژنی کورد

هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکرا؛ قۆناغی نوێی خەباتی خۆرهەڵات(ڕاسان) تایبەت نییە بە چین وتوێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا، بەڵکوو سەردەمێکی نوێیە لە گۆڕانی هزری بە ڕوانینێکی نوێ بۆ پەڕینەوە لە قۆناغێکی مێژوویی خەبات بۆ قۆناغێکی دیکە کە وڵامدەری داخوازییەکانی هەنووکەیی تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بێ بە بێ جیاوازی ڕەگەزی و...کە ئامانجی ئێمە زیاتر باس لە دەوری توێژی ژنانە. لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، گۆڕانی ڕیشەیی لە تێڕوانینی کۆمەلگای جیهانی بەگشتی بە بەرانبەر بە پرسی ژنان ڕوویداوە و ئاستی تێگەیشتنی مەعریفی و ڕۆشنبیری تاکی و گرووپی بە شێوەیەکی فراوان گەشەی سەندووە، بەڵام پرسی ژنی کورد تا هەنوکەشی لەگەڵ دا بێ، پرسێکی بیچمگرتووە بە نەریتی دواکەوتوو وکەلتووری زاڵی پیاوتەوەر لە کۆمەڵگای کوردستان و لە بازنەی شوناسێکی پیاوانە خواستەکانی ژنی کورد پێناسە دەکرێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەرەڕای تەواوی کۆسپ و لەمپەرەکانی سەر ڕێگای خەباتی یەکسانیخوازی ژنان، ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری ژنانی کوردستان، بەشێوەیەکی کەم وێنە ڕوو لە پەرەسەندنە و لە هەموو بەستێنەکاندا ژنان توانیویانە تابۆشکێنی لە ساختار و نۆرمی دواکەوتووی کۆمەڵگادا بکەن. بۆیە خەباتی ژنی کورد لە لایەک ڕوو لە دەسەڵاتی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی و یاسا دژی مرۆییەکانی ئەم ڕێژیمە ڕوو لە ژنان و لە لایەکی دیکەش بەربەرەکانێ لەگەڵ کەلتووری نەریتخوازی کۆمەڵگا، قورسایی خەباتی چەند جار قورسترکردووە. هێشتا تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژن ڕوانینێکی دوگم، داخراو و یەکانەگیرە بە ئەقڵییەتی پیاوسالاری زاڵ بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگا و جڵەوی خەباتی نەتەوەخوازیش هەر لە دەستی زۆرینەی ڕەهای پیاواندایە. بۆیە ئەمانە و زۆر هۆکاری دیکە، وایکردووە ژنانی کوردستان بە هیوایەکی دیکە لە خەباتی نوێی خۆرهەلات بڕوانن وبە دەرفەتێکی بزانن بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسێکی ژنانە وخۆ دەرباز کردن لە ڕۆحی تەمەرکوزگەرایی پیاوان و کەمکردنەوەی هێژموونی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ژنان. ئەوڕۆ چیتر ژنی کورد دەقێکی نووسراو نییە لە بەرنامەی حیزبەکاندا، یان ڕازی بوون بە دیاریکردنی جارەنووسی ژنان لە ڕوانگەیەکی تەواو پیاوانەوە. ئەمڕۆ ئیتر ژنی کورد بە ئاستێک لە شعوری سیاسی وکۆمەڵایەتی گەیشتووە کە وەکوو کارەکتەرێکی ژنانە لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی وکایەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا دەوری سەرەکی بگێرێ و لە پرسە کەلانەکاندا جێ دەستی دیار بێ. بەڵگەی ئەم ڕاستیەش خەباتی ژنی کورد بووە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. بۆیە ڕاسان دەتوانێ ئەو پانتایە بێ لە خەباتێکی پراگماتیزم (واقیعگەرا) کە کۆتایی بە نۆرمالیزەکردنی پرسی ژن لە ژێر چەتری نەریتتەوەر بوونی خەباتێکی تەکڕەهەندی لە کوردستان بێنێ و بە ڕوانینێکی مرۆڤتەوەرانە ڕاڤەی خواستەکانی ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا پرسی ژن لە کاناڵیزەکردن بەرەو ڕێکخەر بوون ئاراستە بکرێ لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی وکەلتووری و... لە هەموو ئەمانەش گرنگتر یارمەتیدانی خودی ژنانە بە بەهێزکردنی ڕاسان لە ڕاستای بردنە پێش و دستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان. بەواتایەکی دیکە دەوری خودی ژنان فاکتەرێکی جەوهەرییە لە ئاراستەکردنی شێوەی خەبات لە بەرژەوەندی داخوازەکانیان. بەتایبەتی کە ڕاسان هەوڵێکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و دەربازبوون لە کاناڵیزە بوون وکرانەوەیەکی نوێ بە ڕووی کۆمەڵگای کوردستان هاوکات دەرفەتێکی گرنگە بۆ بردنە پێشی خەباتی ژنی کورد. بەداخەوە زۆر جار خودی ژنانیش هۆکارێک بوون بۆ دروستکردنی کەشێکی ناتندروست و دانانی کاریگەری نەرێنی و پەراوێزخستنی پرسەکانیان. بۆ وێنە نەبوونی گوتارێکی یەکگرتووی ژنان بە خوێندەوەیەکی واقیعبینانە لە دۆخی کۆمەڵگای کوردستان، خەساری زۆری لە دواکەوتنی خەباتی ژنان داوە. زیاتر بە شێوەی تاکەکەسی یان ڕێکخراوی جیاواز لە ژێر هێژموونی لایەنێکی دیاریکراو پرسەکانی ژنان گەنگەشە کراوە ئەم پرش و بڵاویە کەشێکی دروست کردووە کە دەستەیەک زۆر ڕادیکاڵ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی واقێع نە تەنیا خزمەتێک بە بەرەوپێشبردنی پرسی ژن ناکا زۆر ئاڵۆزییشی کردووە. لە لایەکی دیکە ڕوانینێکی تەواو موحافزەکارانە زاڵە بەسەر پرسی ژنان کە هیچکام لەم ڕوانگانە خزمەت بە گەشکردنی پرسی ژن وەکوو پرسێکی ئینسانی ناکات.

> ئەمڕۆ ئیتر ژنی کورد بە ئاستێک لە شعوری سیاسی وکۆمەڵایەتی گەیشتووە کە وەکوو کارەکتەرێکی ژنانە لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی وکایەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا دەوری سەرەکی بگێرێ و لە پرسە کەلانەکاندا جێ دەستی دیار بێ

### کۆتایی

بە گشتی پێشمەرجی بەهێزکردنی خەباتی یەکسانیخوازی ژنی کورد، بوونی گوتارێکی هاوبەش وخۆڕێکخستن لە خەباتی نوێی خۆرهەڵاتە لە شار و لە شاخ بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان و ئاراستەکردنی خەبات لە بەرژەوەندی داخوازییەکانی ژنانی کوردستان بە هەموو ڕوانگە جیاوازییەکانیان بۆ شێوەی خەباتی یەکسانیخوازی، ڕاسان ئەو پانتاییەی دروست کردوە کە تەنیا لە گوتارێکی حیزبی خۆی وێنا نەکات، بەڵکووکۆمەڵگای کوردستان بە تەواوی پێکهاتەکەی جەوهەری ئەو گوتارەیە و ژنی کوردیش وەکوو بەشێکی گرینگ لەو پێکهاتە خەباتی لە ڕوانگەیەکی ژنانە و پێناسە داکاتەوە. گارانتی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازیش بەشداری ژنانی کوردستانە لە گوتاری خۆرهەڵاتی نوێ.



# ژنان هەر پێشەنگن

ئاسۆ منبەری



هاتنە ئارای بزووتنەوە لە هەر کۆمەڵگایەکدا بە پێی بارودۆخ و هەروەها بە پێی گۆڕانکاری لە خواست و ویستەکانی تاکەکاندا، دیاردەیەکی چاوەڕوانکراوە. هەندێ جار ئەم بزووتنەوانە وەکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و مەدەنی لە نێو جەماوەردا سەرهەڵدێنن و گەشە دەکەن(وەکوو چالاکییە ژینگەپارێزییەکان کە تاک بە تاکی کۆمەڵگا خۆیان لە بەرانبەر ئەو پرسەدا بە بەرپرسیار دەزانن)، هەندێک جاریش هەندێک هێزی سیاسی پۆشتە و پەرداخ لە بواری بیر و ئیدئۆلۆژییەوە دەبنە دەسپێشخەری ئەو بزووتنەوانە (وەکوو ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان کە زۆربەی کات بە دانانی پلان و بەرنامەی تایبەت، لە دەستپێکردنی چالاکی جیاوازدا کاریگەری شوێندانەریان هەیە). مەرجی سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەک لە کۆمەڵگادا، لەوەدایە کە بتوانێ ژمارەیەکی هەرە زۆری ئەو کۆمەڵگایە بۆ بەرەوپێشچوونی ئامانجەکەی خۆی ببزێوێ و بە پێی پلان و بەرنامەکانی خۆی هانیان بدات کە لە بەرانبەر داهاتووی ئەو کۆمەڵگایەدا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن، بە واتایەکی تر بزووتنەوەیەک دەتوانێ سەرکەوتنی تەواو بە دەست بێنی کە هەڵقوڵاوی ناخی خەڵک بێت و لە لایەن خەڵکەوە ڕەوایی پێ ببەخشرێت؛ بزووتنەوەیەک کە خاوەندارێتییەکەی بگەڕێتەوە بۆ خەڵک. پلۆرالیسم و زۆربوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا کاریگەرییەکی زۆری لە سەر تاک بە تاکی حەشیمەتی کۆمەڵگا و بزاوتنی هەست و ئاوەزی ئەوان هەیە، چونکە هەر کام لەو لایەنانە ڕۆڵی ڕێبەر و کاریزما دەگێڕن و تاکەکانیش بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشن. لە سەردەمی ئێستادا کە دێمۆکراسی و بەشداری خەڵک لە کاروباری وڵات و بەڕێوەبەریدا وەکوو وشەش بێت بووەتە قسەی سەر زاری هەموو کەس و لایەنێک، ڕکابەرایەتییەکیش دێتە ئاراوە کە هەر لایەنێک هەوڵ دەدات خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو دێمۆکراسییە پێناسە بکات و ئەوە بە ناوی خۆیەوە تۆمار بکات، بۆیە بە بەردەوامی هەوڵ ئەدات کە ڕەوایی خۆی لە نێو



جەماوەردا بە دەوروبەر و لایەنە جیاوازەکان پیشان بدات و بیسەلمێنێ کە هێزی خۆی لە خەڵک وەردەگرێت؛ جا ئەگەر لایەنێک بتوانێت هەموو چین و توێژەکان بخاتە نێو چوارچێوە و سنووری بیرەکەی خۆیەوە، لە چاو ئەوانی دیکە سەرکەوتنێکی چەند قات باشتری بەدەست هێناوە و ڕەوایی خۆی لە نێو جەماوەردا سەلماندووە. ئەمە لە گەرمەبازاڕی سیاسەتدا شتێکی سروشتییە چونکە هەر لایەنێک پێی خۆشە قورسایی و سەنگی خۆی لەم بوارەدا بسەلمێنێت و جێگای خۆی لە هاوکێشە سیاسییەکاندا دیاری بکات.

بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگایەک بتوانێ سەرکەوتنێکی باش بە تایبەت لە ڕووی سیاسییەوە بە دەست بێنیت، پێویستی بە بەرنامە و پلان هەیە؛ خۆرهەڵاتی کوردستان یان ئەو بەشەی لە کوردستان کە ساڵانێکە وەکوو بەشێکی کۆلۆنیکراو لە لایەن دەسەڵاتداران و حاکمانی سەرەڕۆوە حوکمی بە سەردا دەکرێت، بە درێژایی ئەو ساڵانە خەباتی بۆ مانەوەی کردووە و زۆر قۆناغی جیاوازی مێژوویی بە خۆیەوە بینیوە. لە جۆرەکانی سەرکوت و قەڵاچۆکردن و دوورخرانەوە تا کوشتن و لەسێدارەدان و ... .

هاتنە ئارای بەستێنی گونجاو بۆ گۆڕانکارییە سیاسییە گرینگەکان لە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە دۆخی ناوچە و هەروەها دۆخی ناوخۆیی ئێرانەوە هەیە، چونکە بە پێی ئەم گۆڕانکارییانەیە کە لایەنە سیاسییەکان دەتوانن بە پێی بەرنامەی تایبەت، تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ درووستکردنی گۆڕانکاری گرینگ و شوێندانەر هان بدەن.

ڕاسانی خۆرهەڵات وەکوو قۆناغێکی نوێ لە خەبات دژ بە داگیرکەران لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا، ئەو بزووتنەوە نوێ و خاوەن قورساییەیە کە تا ئێستا توانیویە سەنگی خۆی لە هاوکێشەکاندا دەربخات، لە ڕاستیدا ڕاسانی خۆرهەڵات وەک پێشتریش باسکرا، قۆناغێکی نوێی بزووتنەوە کوردییەکانە کە خاوەندارێتییەکەی بۆ خەڵک دەگەڕێتەوە.

ستراتێژیی ڕاسانی خۆرهەڵات بە دروشمی گرێدانی خەباتی شار و شاخ لە کاتی دەستپێکردنەوە هەتا ئێستا ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکی باشی هەبووە و توانیویە وڵامی زۆربەی خواستەکانی نەتەوەی کورد لە خورهەڵاتی کوردستاندا بداتەوە؛ لەگەڵ ئەمەشدا توانیویە ڕەنگ و بۆنێکی گشتگیر بە پرسەکان بدات و ڕۆڵی تاک بە تاکی کۆمەڵگاش لە چوارچێوەی خۆیدا دیاری بکات.

ئەم ستراتێژییە بە پێچەوانەی ستراتێژییەکانی دیکە کە پێشمەرگەیان وەکوو هێزی ڕزگاریدەر و بە واتاییەکی سادەتر وەکوو سووپرمەن پێناسە دەکرد و چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ڕزگاری هەر لە ئاکامی چالاکی و قارەمانێتی ئەواندا بێتە ئاراوە، پێشمەرگە وەکوو پاڵپشتی خەڵک ناو دەبات و چەقی خەباتەکە بە شار دەزانێت و ئەرکی

ڕزگاری بە پێشمەرگەی شار و چالاکی لە نێوخۆدا دەسپێری؛ بە واتایەکی تر، ڕاسان بەربڵاوییەکی تایبەتی بە واتای وشەی پێشمەرگە بەخشی و لە قامووسی نیشتانپەروەریدا، هەموو تاکەکانی، بەنرخ وەسف کرد و تاک بە تاکی کۆمەڵگای، هەر کامە لە جێگای خۆیەوە و بە پێی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆی وەکوو پێشمەرگە پێناسە کرد. ڕاسانی خۆرهەڵات لە کاتێکدا خوڵقا کە ئەگەر نەڵێین بەتەواوەتی، دەتوانین بڵێین کە تا ڕادەیەکی باش لە نێوخۆدا پێویستیی هەبوونی هەستی پێکرابوو؛ دۆخی نالەباری ئابووری و کەمبوونی داهات و نەبوونی جۆرەکانی خزمەتگوزاری، گرانبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان و بە دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی کە لە ئاکامی ئەم دۆخەدا هاتبوونە ئاراوە، بوونە هۆی ئەوەی کە خەڵکی خۆرهەڵات بە هەموو چین و توێژەکانەوە، چیدیکە لە پشت سەنگەری موحافزەکاریدا خۆیان حەشار نەدەن و ئەو تواناییەیان تێدا بەهێز بکرێ کە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان بێنە دەنگ و بە ورەوە لە گۆڕەپاندا ئامادە بن. ڕاسان پەیامی پێ بوو؛ ئەوەی کە بە بانگەوازێکی هاوبەش هەر دوو ڕەگەزی کۆمەڵگای بانگهێشتی خەباتێکی نوێ کرد، دەرخەری ئەوە بوو کە ژن و پیاو یەکسانن و ڕاسان پەیامی یەکسانیخوازی بۆ خەڵکی پێیە. یەکسانیخوازییەکی ڕاستەقینە کە هەموو چەشنە هەڵاواردنێک ڕەتدەکاتەوە و هەر دوو ڕەگەزی کۆمەڵگا بە دیاریکەری چارەنووس بە ئەژمار دێنێت. بە دەسپێکردنی ئەم شێوازە لە خەبات، هەر کام لە توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بۆ جۆرێک لە جۆرەکان توانییان خۆیان لەگەڵ خەباتەکە ڕێک بخەن و بە پێی توانای خۆیان و بە پێی هەلومەرجی گونجاوی بەردەمیان بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵبگرن؛ ژنان باشترین دەرفەتیان بۆ دۆزینەوەی خۆیان لە نێو هاوکێشەکاندا دۆزییەوە و توانیان گرینگایەتیی ڕۆڵی خۆیان لە خەباتەکەدا ببیننەوە، کەوابوو ئەوانیش بە کردەوە لەم خەباتەدا بەشدارییان کرد. لە ڕاساندا دەرەتانی خۆسەلماندنی زیاتر بە ژنان درا؛ ڕاسان خۆباوەڕیی بە ژنان بەخشی و هەستی گرینگ بوون و کاریگەربوونی لەواندا زیندوو کردەوە و خەتی بەتاڵبوونی بە سەر بیرۆکە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگادا کێشا؛ لە پەنای ڕاساندا ژنانیش بەو قەناعەتە گەیشتن کە هەبوون و جووڵەیان گرینگە و ئەتوانن ڕۆڵی نەک تەنیا کاریگەر بەڵکوو ڕۆڵی دەسپێشخەرانە و چارەنووس سازیشیان هەبێت. ژنان پۆتانسیێلی کارای خۆیان لە خەباتی شاردا بە کردەوە نیشان دا. بە ناسینی ڕاسان، ژنان توانییان خۆیان لە بازنەی بەستراوە بوون بە نەریت و عورفەکان ڕزگار بکەن. ئەوەی کە لە ڕاسانی خۆرهەڵاتدا گرینگە وڵامی توێژی ژنان بەو بانگهێشتە بوو کە ڕێژەیەکی بەرچاوی هەبوو، چ لە چوارچێوەی خەباتی شاردا و چ لە چوارچێوەی خەباتی شاخدا. بە پێچەوانەی هەندێک بیرکردنەوەی تەسک و دوور لە واقێع، ژنان یەکێک لە توێژە چالاک و ئەکتیڤەکانی کۆمەڵگان کە بە درێژاییساڵانێکی زۆر لە ژێر ستەم و هەڵاواردنەکاندا قامەتیان نەچەمیوە و بەردەوام لە هەوڵی ڕزگاریدا بوونە. ڕاسان دەرفەتی ژیانەوە بۆ ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو، بۆیە بە هەموو هێز و تواناوە هاتنە گۆڕەپانی خەباتەکەوە و بەشدارییان تێدا کرد؛ هەر ئەو بەشداری کردنە پیشاندەری ئەوە بوو کە ژنان خۆیان بۆ گۆڕان و بزووتنەوەیەکی لەو چەشنە ئامادە کردبوو و بە تەمای دەرفەتی گونجاو بوون. ژنانی خۆرهەڵات بە دەرکێکی درووست لە ڕاسان گەیشتن کە وەکوو دایک، وەکوو هاوسەر، وەکوو خوشک و وەکوو هاوڕێ دەتوانن پێشمەرگە بن، پێشمەرگەیەک کە سەنگەری شاری هەڵبژاردووە؛ ئەوان لە نەورۆزی جامانەکان و جێژنی سەربەخۆیی کوردستاندا بە بێ گرینگیدان بە هێزی سەرکوتکەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ، بوێرانە هاتنە سەر شەقامەکانی شار و بە وتنەوەی دروشمی دوژمن شکێن و دوژمن بەزێن، ئیرادەی شۆڕشگێریی خۆیان سەلماند، پشتیوانی کردنی ژنان سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە ئەوان توێژێکی ئاگا و چاوکراوەن و ئەتوانن لە پرسە گرینگەکاندا پشکی سەرەکییان هەبێت. لە مانگرتنە گشتییەکانی ڕۆژهەڵاتدا، ژنان بەشێک لە بەڕێوەبەرانی خەباتی شار بوون و بە داخستنی بازاڕ و دووکانەکانییان پەیوەست بوونی خۆیان بە پرسە نەتەوەییەکان و ناڕازی بوون لە دۆخی ژیان لە خۆرهەڵاتدا دەربڕی. لە پرسەی بە خاک سپاردنی شەهیدانی ژینگەی کوردستاندا، بەشی سەرەکی ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە ژنان بوون و بە دانی دروشمگەلی لە چەشنی «شەهید نامرێ»، خۆیان بە درێژەدەری ڕێبازی شەهیدانی ژینگە ناوبرد. ڕاسان بە ئەرکدارکردنی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەو ڕاستییەی دەرخست کە هێزی سیاسی و لایەنی ئیدئۆلۆژیک بە هێزی خەڵکەوە ئەتوانێ سەرکەوتنی باش بە دەست بێنێت. ژنان لەم قۆناغەی خەباتدا بە پیچەوانەی ئەو پڕۆپاگەندانەی کە لە لایەن حکوومەتەوە کراون و وای کردووە کە ژنان وەکوو ڕەگەزی ناسک و بەهەست ناویان لێ ببرێت و بە شێوەی سیستماتیک تەنیا لە ژووری چێشتلێناندا جێگە بگرن و ئەوەش بە مافی سەرەکی خۆیان بزانن کە لە لایەن پیاوانەوە خزمەت بکرێن، نیشانیان دا کە وەکوو کەسانێکی تێگەیشتوو و وشیار لە بەرانبەر داواکردنی مافە ڕەواکانی خۆیاندا، ئەرکی دیاریکراوی خۆشیان بەجێ دێنن و پشکی خۆیان لە خەبات بە دژی چەوسانەوەدا دیاری دەکەن. بەشداریی بەرچاوی ژنان وەکوو پێشمەرگەی شاخ و پێشمەرگەی شار لە ڕاساندا، پیشاندەری ئەوەیە کە ڕاسان توانیویەتی هەر لە سەرەتاوە هێز و پۆتانسیێلی ژنان وەگەڕ بخات کە بە دڵنیاییەوە ژنی کوردیش هەرکات هەلومەرجی لەباری پێ شک هاتووە لە بەڕێوەبردنی ئەرکی نەتەوەیی خۆی لای نەداوە، ئەمجارەش بە هەموو هێز و تواناوە، بۆ بەشداری لە پرسی نەتەوەییدا هەنگاوی کردەیی هەڵێناوە و گرینگی بوون و هێزی خۆی دەرخستووە و سەلماندوویەتی کە وەکوو زۆربەی کاتەکانی تر و زۆربەی دۆخەکانی تر هەر پێشەنگە.

“

ڕاسان بەربڵاوییەکی تایبەتی بە واتای وشەی پێشمەرگە بەخشی و لە قامووسی نیشتانپەروەریدا، هەموو تاکەکانی، بەنرخ وەسف کرد و تاک بە تاکی کۆمەڵگای، هەر کامە لە جێگای خۆیەوە و بە پێی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆی وەکوو پێشمەرگە پێناسە کرد

”



# پێگە و ڕۆڵی ژنان لە ڕاسانی نوێ

گوڵباخ بەهرامی



چەمکی ڕاسان هەڵگری کۆمەڵێك واتای نوێ و فرە ڕەهەندە کە دەکرێت هەر پێناسەیەکی بە پێی دیسکۆرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێران لێکبدرێتەوە و لە واقێعی زەمانیی خۆیدا و لە هەر قۆناغێکدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت و پراکتیزە بکرێت. لەڕاستیدا ئەوەی پرسی ڕاسانی خستۆتە ڕۆژەڤی پرۆسەی خەبات لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە، گوتاری بەهێزی ڕاسان و بنەما فیکرییەکانیەتی کە لە ڕوانگەی یەکسانیخوازی و ئەرکدارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگادا خۆی دەبینێتەوە و لە چەمکی نەتەوەخوازیشدا توانیویەتی شوێندانەر بێت لە داڕشتنەوەی میکانیزمەکانی خەبات هەم لە شۆڕشی شاخ و هەم شۆڕشەکانی شاردا. گرێدانی خەباتی شاخ و شار لە چەمکی ڕاساندا، ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان بزاڤی چەکداری و سیاسی و بزاڤی مەدەنی لە ناو کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی کوردستان بوو کە دەستپێکێکیشە بۆ بنیاتنانەوەی ئەو بنەمافیکرییە لێکدابڕاوانەی لە ڕەوتی خەباتی حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستاندا بۆشاییەکی بەرچاویان دروستکردبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی پێشەنگایەتیی هێنانە مەیدانی هێزی ژن لە شۆڕشدا وەك هێزێکی کاریگەر و بەهێز دەکات، توانی لە ڕێگەی ڕاسانەوە ئەو پۆتانسێلە پاسیڤەی کە لە ڕێگەی هێزی دەسەڵاتەوە ژنانی خستبووە پەراوێزەوە دووبارە ئەکتیڤ بکاتەوە و هیوایەکیش بێت بۆ بەردەوامیدان بە بەشداریی پێکردنی هێزی ژن لە شۆڕشەکانی خۆرهەڵاتی کوردستاندا. هەروەها لە چەمکی نەتەوەییخوازیشدا ڕاسان توانیویەتی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردی فۆرموڵە بکات و لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەی یەکسانیخوازی بکاتە فۆرمێکی نوێ لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ستراتیژی و سیاسەتی خۆی بۆ داهاتووی خۆرهەڵاتی کوردستان هەڵیگرتوە. ئێمە بینیمان کە لەگەڵ دەستپێکی ڕاسان و حزووری پێشمەرگە لە شارەکانی کوردستاندا، ژنان نەك هەر بەشدارییەکی بەرچاویان لەو بوارەدا هەبوو بەڵکوو پاڵپشتێکی بەهێزی ڕاسانیش بوون بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی و جێگیرکردنی لە پێناسەی نوێی خەباتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا. پەیوەستبوونی کچانی پێشمەرگە بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەشدارییان لە کاراکردنەوەی زیاتری ئەرکەکانی ژن لە شۆڕشدا، نموونەی شوێندانەریی ڕاسانە لە



نوێکردنەوە و بوژانەوەی بەشداریی هێزی ژن لە خەباتی چەکداری و مەدەنی لە خۆرهەڵاتی کوردستان. دەکرێت قۆناغەکانی بەشداریکردنی ژنان لە خەباتی نەتەوەی کورد و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەر چەند قۆناغدا دابەش بکەین کە یەکەمیان لە کۆماری کوردستانەوە دەستپێدەکات تا دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و دواتریش دامەزراندنی ناوەندەکانی تایبەت بە ژنان لە خۆرهەڵاتی کوردستان و چەخماخەی هەڵگیرساندنی شۆڕشە فمینیستییەکانی پەیوەست بە داخوازیی و هەروەها نارەزایەتییەکان دژ بە سیستەم و ڕێگرییەکانی بەردەم دەربڕینی ئازادانەی دەنگی ژن تا ئەو قۆناغەی کە چیتر ژن تەنیا وەك هێزێکی پشت سەنگەرەکان و شۆڕشە مەدەنییەکاندا سەیر نەکرێت، لەگەڵ دانان بەو ڕاستییەش کە پاڵپشتیی ژن لە هێزەکانی پێشمەرگە لە نێو شار و گوندەکان و لە پشت سەنگەرەکانی بەرگریشەوە بەشێکی گرنگی هێز و ورەی خەبات بووە و حاشاهەڵنەگرە. قۆناغی نوێی ئەو خەباتەش کە دەتوانین بڵێین لە ڕاسان وەك خاڵێکی وەرچەرخانی ئەو شۆڕشانەوە دەستپێدەکات کە ژنان و کچانی چەکداری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی جارێکیتر خستە مەیدانی واقیعی تێکەڵبوونەوە لەگەڵ خەڵك و توانی بەهێزتر لە جاران پێناسەیەکی نوێ بهێننە ناو قوتابخانەی شۆڕشی کوردییەوە کە ژن لێرەدا هێزە و بەهێزتریش دەردەکەوێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەندەی کە بەپێی ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و یاسای بنەڕەتیی ئێران، ژنان خراونەتە ناو چوارچێوە دیاریکراوەکانەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چەکدارکردنی ژنان و هەڵگرتنی دروشمی ڕزگاری بۆ ژنان، بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی ژنانی هەڵگرت و مەیدانێکی کراوەتری خستە بەردەمیان بۆ باشتر ناساندنی خۆیان وەك تاك و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە مەزن و قورسانەی دەیانگەیەنێتە ئامانجە دیاریکراوەکانیان لە هەموو بوارەکاندا. لە ئێستاشدا و لەم قۆناغە نوێیەی خەباتدا ڕاسان پێناسەیەکی مەنتیقی و فیکریی لە ماف و ئەرکی ژن لە بوارە جیاوازەکانی شۆڕشدا بەرجەستە کردۆتەوە و هەوڵیشی بۆ نەهادینەکردنی داوە.

بۆ نموونە لە پێشەکیی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بۆ پێناسەی مافەکانی ژن باس لە یەکەی بنەماڵە دەکرێت و ڕۆڵی ژن لەو یەکەیەدا بە گرنگ و کاریگەر ناودەبات و دەشڵی ئەو یاسایانە هەوڵێکن بۆ ئەوەی ژن لەو یەکەیەدا بە باشی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت کە مەبەست لێی بەرتەسککردنەوە و سنووردارکردنی مافەکانی ژنان لە چوارچێوەی بنەماڵە و پێناسەی مافەکانی بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی یەکەی بنەماڵەیە. لە کاتێکدا ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا وەك پێشەنگی خەباتی نەتەوەیی و سیاسیی کورد و دواتریش وەك بەشێك لە بزووتنەوە فێمێنیستیەکانی ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان لە سەنگەری خەباتدا ئەرکدار کران و توانیان ڕچەشکێن بن بۆ دەستپێکی خەباتێکی ناسیۆنالیستی فێمێنیستیی پێشکەوتوو لە چوارچێوەی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردستاندا. هەربۆیە دەتوانین بڵێین ڕاسانی نوێی خۆرهەڵات تەواوکەری بەشێکی ئەو چەمکانە بوو کە بەپێی پێویستی و بارودۆخی خۆرهەڵات لە قۆناغە جیاوازەکاندا هاتبوونە کایەوە و توانی بە باشی شوێنی خۆی لەناو ئەو چەمکانەدا بۆ بەردەوامیدانی ئەو شۆڕشانە بکاتەوە.



# ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە ڕاساندا

کەژاڵ محەممەدی



### قۆناغێکی نوێ بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی

ڕاسانی خۆرهەڵات، قۆناغی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە لە خۆرهەڵاتی داگیرکراو، کە بریتییە لە پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو، درێژخایەن و فرەڕەهەند. ئامانجی سەرەکی ڕاسان بە گرێدانی خەباتی شار و شاخ و بەهێزکردنی هەموو ڕەهەندەکانی خەبات، بەرەوپێشبردن و بەئاکام گەیاندنی خەباتی نەتەوەکەمانە. لە کورت خایەندا ڕاسان بریتییە لە خۆڕێکخستن و پەرەپێدانی هزری نەتەوایەتی و نیشتیمانی، سەرهەڵدان و بەگژداچوونی داگیرکەرانی کوردستانە. لە درێژخایەندا ڕزگاری کوردستان و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، دێموکراتیک و یەکسان و دادپەروەرە.

کەوابوو ڕەوتی ڕاسانی خۆرهەڵات، خەباتە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی بە هەموو جیاوازی و ڕەنگ و بیروبۆچووە سیاسی، ئابووری و زایەندییەکانی(جێندەری). لەوەها قۆناغێک لە خەباتدا هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا و چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵ لە لە ژنانەوە بگرە تا خوێندکار، کرێکار، سەرمایەدار، سیاسەتوان، نووسەر، مامۆستا و هونەرمەند دەتوانن ببنە خاوەنی ڕۆڵی خۆیان و ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان لە ڕاستای پەرەسەندن و سەرکەوتنی ڕاساندا جێبەجێ بکەن.

ڕاسانی خۆرهەڵات خاوەنی ئەو پۆتانسیەلەیە کە بتوانێت هەموو ئازادیخوازانی کوردستان لە ژێر چەتر و پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی کۆبکاتەوە و کاری هاوبەش لە ڕاستای ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کورد لە ئێستا و دوای ڕووخانی ڕێژیمی ئێراندا ئەنجام بدرێت.

بەو تێگەیشتنەمان لە ڕاسان وەک پرۆسە و ستراتێژییەکی دیاریکراو و ئامانجدار (کوردستانێکی ئازاد، فیدراڵ و دێموکرات و یەکسان) و فرە ڕەهەندبوونی خەباتی ڕاسان – خەباتی سیاسی، مەدەنی، ڕێکخستن، ئابووری، ڕاگەیاندن، دیپلۆماسی، کولتووری و بەرگری چەکداری ....) چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە تاک و بە کۆمەڵ دەتوانن لەو خەباتەدا جێی خۆیان بدۆزنەوە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

پرسیارێک کە لێرەدا جێی سەرنجە چۆنیەتی ڕۆڵی ژنان وەک نیوەی کۆمەڵگای کوردستان لە پرۆسەی ڕاساندایە. لێرەدا بەرلەوەی وڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، حەز دەکەم بڵێم مەبەست لە ژنان، هەموو ژنانی کوردستانە لە نێوخۆ، ژنانی ناو شۆڕش و دیاسپۆرایە.

لە ڕاسانی خۆرهەڵات ، ژنانی کوردستان بە گشتی ئەرکێکی مێژوویی و قورسیان لە سەرشانە بۆ ئەوەی بە بەشداریی زیاتریان لە خەبات، زیاتر بوونی خۆیان بسەلمێنن و لە ڕیزی هەرە پێشەوەی خەباتدا بن. خەباتی ژنان لە ماڵەوە دەستپێدەکات و لە کووچە و کۆڵان، لە لادێ و شارەکانەوە بگرە تا ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکان درێژە دەکێشێت لە پێناو بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان و پەروەردەیەکی سەردەمیانە بۆ نەوەکانی



داهاتوومان. بەم جۆرە ژنانی نێو شۆرش، ژنانی نێوخۆی وڵات و ژنانی دیاسپۆرا دەتوانن بە پێی توانا و شارەزایی و پسپۆری خۆیان ئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانیی خۆیان جێبەجێ بکەن.

## ١. ڕاسان و ژنانی نێو شۆڕش

نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە گەورەترین نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی جیهان لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەرەوڕووی جێنوسایدی نەتەوەیی، کەلتووری، زمانی، مێژوویی، ئابووریی، دوورخستنەوە و هەڵاواردن، فەرمانی جیهاد، میلتاریزە کردنی کوردستان، بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی کوردستان و ... بووەتە. لە بەرامبەردا، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و تینووی ڕزگاریی نەتەوایەتی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە هەموو شێوەکانی مومکین چ لە ڕێگای حیزبە سیاسییەکانەوە چ لە ڕێگای کۆمەڵگای مەدەنی دژی سیاسەتی داگیرکەران خەباتیان کردوە. ئەمەش شتێکی سروشتییە بۆ نەتەوەیەکی ئازادیخواز لە لایەک وەک ئەرکێک بۆ بەدەستهێنانی شوناسی نەتەوایەتی و مرویی خۆی و لە لایەکی دیکەوە ژنان بە هۆی ژن بوونیان و ستەمی دووقاتی لەلایەن کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی حاکم بەسەر نیشتماندا و دواکەوتووهێشتنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان.
ژنانی نێو شۆرش تا ڕادەیەک لە بەراورد لەگەڵ ژنانی نێوخۆ و دەرەوە دەستیان ئاواڵەترە لە پەرەپێدانی ڕەوتی ڕاسان و بەشداریکردن لە هەموو بەرەکانی خەبات چ خەباتی ڕێکخراوەیی و سیاسی، کەلتووری، مەدەنی و چ وەک پێشمەرگە و هاوژین و دایکی پێشمەرگەکان. ئەوەی لێرەدا گرینگە گرێدانی خەبات لە پێناو ڕزگاریی نەتەوایەتییە بە خەباتی یەکسانیخوازانە و گەیشتن بە مافی یەکسانی خۆیان وەک ژن. بۆ ئەمەش ژنان دەبێ لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، ئەوانەی لە بەرنامەی سیاسیی خۆیاندا ئامانجیان وەدیهێنانی دێموکراسی و کۆمەلگایەکی ئازاد و یەکسان داناوە، یەکسانی نێوان ژن و پیاو بە کردەوە پراکتیزە بکەن و بەشداری چالاکانە بکەن لە پرۆسەی بڕیاردان و ڕێکخستن و بەرپرسایەتی وەرگرتندا. لەو پێناوەشدا جێی خۆیەتی ژنان هاندەر و پاڵپشتی یەکتر بن بۆ وەگەرخستنی تواناکانیان و هەوڵ بدەن بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی وشیار و مافخواز و ئاشنا بە کاری ڕێکخراوەیی، میدیا و ڕۆژنامەنووسی و بەڕێوەبەری....

## ٢. ژنانی نێوخۆی خۆرهەڵات

ئەوی لەو پێوەندییەدا گرینگە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەموو هەوڵێکیان داوە بۆ ئەوەی شوناسی جوغرافیایی و نەتەوەیی کورد لە کوردستان بە هەموو شێوەیەك بتوێننەوە و لەنێوی ببەن. بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە هەر چالاکیەک لە راستای پووچەڵکردنەوەی ئەو سیاسەتە هەرچەند بچووکیش بوو بێت دەچێتە خانەی ڕاسان و ئێمە لە ئامانجەکانی ئەو خەباتە نوێیە نزیکتر دەکاتەوە.
کاتێک باس لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگاری نەتەوەیی دەکەین، ئەم ڕاستییە دەبێ لەبەرچاو بگیردرێت کە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی وشیار، خوێندەوار و

نیشتمانپەروەر و چاونەترسە. ئاستی بەرزی تێگەیشتوویی سیاسی و نیشتمانپەروەری دوای دەسپێکی ڕاسان لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی وەک نەورۆزی خاکی پۆشان، نەورۆزی جامانەکان، حیماسەی کرماشان و لە مانگرتنی سەرانسەری ٢١ی خەرماناندا سەلمێنەری ئەوەن کە کوردستان خاوەنی پۆتانسیەلی ئەوەیە کە خاوەنداریەتی لە ڕاسان بکات. هەربۆیە زۆر گرینگە ئەو پۆتانسیڵ و توانایە ڕێک بخرێت و کانالیزە بکرێت. گرینگی ئەو پێواژۆیە کاتێک دەردەکەوێت کە بزانین لەو نموونانەی باسکران ژنان و پیاوانی کوردستان شان بە شانی یەکتر خەباتیان کردوە و بەرخۆدانی هاوبەشیان دژی داگیرکەرانی کوردستان بووە.

داخۆ ژنانی نێوخۆی وڵات دەتوانن چی بکەن و چۆن پەرە بە سیاسەت و ئامانجە دیاریکراوەکانی ڕاسان بدەن؟

ژنانی نێوخۆ دەتوانن، لە ماڵەکانەوە بگرە تا شەقامەکان و سەر کار و لە قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکاندا بە کردار و ڕەفتاریان کار بۆ سەرخستنی ڕاسان بکەن. بۆ نموونە دایکان، کە زۆرترین کات لەگەڵ منداڵەکانیان دەبەنەسەر، دەتوانن بە پەروەردەی کوردی منداڵەکانیان ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن، بەو واتایە کە منداڵان بە پێی توانا و ئیمکانات ئاشنا بە ڕۆشنبیری، زمان، کەلتوور و مێژووی کوردستان بکرێت و ڕێگە لە سڕینەوەی شوناسی نەتەوەییان بگرن.

ژنان هەروەها بە دەبەرکردنی جلوبەرگی جوان و ڕەنگینی کوردی دەتوانن بەگژ ئەو سیستەمە داپلۆسێنەرەدا بچنەوە کە ئەوان ناچار دەکات بڕۆنە ژێر عەبا و مانتۆوە. بۆ ژنێکی کورد کە شوناسی نەتەوایەتییەکەی لە مەترسی لەنێوچووندایە، دەبەرکردنی جلکی کوردی بۆخۆی واتای گرنگی هەیە و تێچووی زۆر و مەترسیدار نییە.

ژنە مامۆستا و نووسەرەکانی کوردستان، چالاکانی کەلتووری و زمانی و مەدەنی دەتوانن لە ڕێگەی جۆراوجۆر پەرە بە کەلتوور و زمان و شووناسی کوردی بدەن. مامۆستاکان دەتوانن بە زمانی کوردی لەگەڵ قوتابیەکان بدوێن. ئەوانەی کوردی دەزانن، با فێری ئەوانی دیکەی بکەن. ژنە نووسەرەکان دەبێت بەو ئەرکە نیشتمانییەوە هەستن و نووسین و بڵاوکراوەکانیان لە ڕاستای وشیاریی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دا بێت. ژنە بازرگانەکان وەك ژنانی دیکە کە چالاکن لە بەشەکانی دیکەی بازرگانی، کۆمەڵایەتی، ئاکەدیمیا و ڕێکخراوەیی، دەتوانن پاڵپشتی مادی ڕاسان بن.

ژنانی خۆرهەڵات دەبێت ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە ڕێکخستنە گشتییەکان و بەشداری بەردەوامیان هەبێت لەو گردبوونەوانە. ژنان هەروەها بەبەشداریکردن لەو گردبوونەوانە نەك هەر بوونیان دەسەلمێنن، بەڵکوو پەرە بە کەلتوورێکی کراوە دەدەن کە لە داهاتووی کوردستان دەتوانن زووتر بگەن بە یەکسانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی گشتی. ئەو ژنانەی کە لە توانایاندا هەیە با پەیوەست بن بە تەشکیلاتی نهێنی هێزە ڕزگاریدەرەکان و بن بە دەنگ و ڕەنگی پێشمەرگە لە نێوخۆ. ئەوانەی کە ئەتوانن بەشداری خەبات بن لە شاخ، با پەیوەست بن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان. بەم جۆرە ژنان لە ڕێگەی قسە کردن، پۆشینی جل و بەرگ، خۆ پێگەیاندن، حزووری بەردەوام لە گردبوونەوە گشتیەکان، بە گژ دسکۆرس و سیاسەتی تواندنەوەی داگیرکەردا بچنەوە و ببنە هێز و میدیمێك بۆ پەرە پێدانی فیکری نەتەوەیی.

**٣. ژنانی دایەسپۆرا**

هەروەك لە سەرەتادا باسمان کرد، مادام بنەما فیکرییەکەی ڕاسان دەگەڕێتەوە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی، ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەموو کوردستانیانی نیشتمانپەروەر لە هەر جێگەیەك بن، دەتوانن پاڵپشت و دەنگ و ڕەنگی ڕاسانیان و ڕاسان بن. لێرە ژنان ئەتوانن لە کۆمەڵگای مەدەنی، لە ڕێگەی ئەندام پەرلەمان و نوێنەرانی حکوومەتی وڵاتی نیشتەجێ خۆیان، لە ڕێگەی نووسین بۆ ڕۆژنامە بیانییەکان، لە ڕێگەی کاری میدیایی و بازرگانی پاڵپشتی ڕاسان و ڕاسانیان بن.

> **نەتەوەی کورد وەك هەموو نەتەوەکانی ئەو جیهانە مافی ئەوەی هەیە لە سەر خاک و زێدی خۆی بە ئازادی و سەربەستی بژیت و ببێتە خاوەنی سەروەریی سیاسی و مرۆڤیی خۆی. خەبات دژی داگیرکەران و دیکتاتۆرەکان درەنگ یان زوو سەردەکەوێت**

ئەوانەی کە خوێندەوارن یان پسپۆڕییان لە هەر بوارێکدا هەیە دەتوانن لە بوارەکەی خۆیان دەنگ و رەنگ و پاڵپشتی ڕاسان بن. ئەوان دەتوانن لە ڕێگەی نووسینەکانیان زانیاری لە سەر ڕەوشی ژیان، ڕەوشی نالەباری ژنان، کوشتن و تەقەکردن لە کۆڵبەران، زیندانی سیاسی و پێشێلکاریەکانی ڕێژیمی ئێران زانیاری بڵاو بکەنەوە و لەسەر خەباتی کوردستان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی، بۆ ئازادی و یەکسانی نۆرمە باوەکانی دێموکراسی بنووسن و وشیاری کۆمەڵایەتی - هەم لە کۆمەڵگای کوردی - هەم لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا نیشتەجێ یان هاوڵاتین بەرنە سەر.

ژنانی کوردستان دەتوانن هەر یەکە و بە پێی کات و توانایی خۆی باڵوێز و ڕێکخەرێك بێت و پشتیوانی نێونەتەوەیی لە ڕێگای دەزگا حکوومەتی، پەرلەمانی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ دۆزی رەوای کوردستان بدۆزنەوە. ئەوان هەروەها دەتوانن لە ڕێگەی دەست و پێوەندی خۆیان، لە ڕێگەی ڕێکخراوی مەدەنی و ناوندی مافی مرۆڤەوە دەنگ و ڕەنگی ڕۆژهەڵاتیان بن و داوای پاڵپشتی کردن لە کوردستانیان بکەن. لێرە ئەوەی کە نابێت هیچ کاتێك لە بیرمان بچێت ئەوەیە، کە ژنانی کوردستان، ئەوانەی ڕۆڵی دایك ئەگێڕن ئەرکی قورسیان لەسەرشانە کە منداڵەکانیان بە کوردی بار بهێنن و وەهایان پەروەردە بکەن کە ئەوان هەر یەکەیان ببێتە باڵوێزێک بۆ کوردستان.

**کۆبەند**

نەتەوەی کورد وەك هەموو نەتەوەکانی ئەو جیهانە مافی ئەوەی هەیە لە سەر خاك و زێدی خۆی بە ئازادی و سەربەستی بژیت و ببێتە خاوەنی سەروەریی سیاسی و مرۆڤیی خۆی. خەبات دژی داگیرکەران و دیکتاتۆرەکان درەنگ یان زوو سەردەکەوێت. لەو قۆناغەی خەباتی نەتەوەکەمان ڕاسان پێویستی بە بەشداری هەموولایەک هەیە بۆ پەرەسەندن و بە ئاکام گەیشتن، بۆیە پێویستە هەمووکمان لە هەر ئاستێکی کۆمەڵگادا بین چ لە ناوخۆی وڵات، چ لە شاخ و ناوشۆرش و چ لە دیاسپۆرا بیر لە سەرخستنی ڕاسان کە ئامانجی ڕزگاری نەتەوەیی کورد و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤگەرا و یەکسان و پێشکەوتووە بکەینەوە. هەر یەکەو لە ئێمەی ژنان دەتوانین لە شوێنی خۆماندا ڕۆڵ بگیرین بۆ بەهێزبوون و سەرکەوتوویی ڕاسان و هاوکات ببینە ئەکتەری ئەرێنی لە پێناو گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە هەموو ئاستەکانی خەبات و کۆمەڵگادا.

تەوەری ژمارەی داهاتوو

ئەگەرەکانی دوای
ڕووخانی کۆماری ئیسلامی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە